# مافی مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی دادپەروەری لە عیراق:

# مەرجە یاساییەکان و ڕێکارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو

نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ هاریکاریی عیراق(یونامی) و

نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان

ئابی ٢٠٢١

بەغدا، عیراق

**ریشەکێش کردنی ئەشکەنجە یەکێک دەبێت لە هۆکارە کاراکان بۆ بونیاتنانی متمانەی خەڵک بە توانای دەوڵەت بۆ زامنکردنی دادپەروەری و پەیوەست بوون بە پرەنسیپی یەکسانی و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک دەسەڵاتەکان یاسا پێشێل دەکەن، ئەوە کاریگەریەکی نیگەتیڤی ئەبێت. قەدەغەکردنی ئەشکەنجە لە راستیدا و نەک تەنها لە سەر کاغەز، یاریدەدەر دەبێت بۆ هێنانەکایەی ئاشتی و سەرەوتن لە دوور مەودادا، هەربۆیە ئەوە لە بەرژەوەندی دەوڵەت و هەروەها لە بەرژەوەندی قوربانیانیشە.**

- کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان میشیل باشلیت ، 3 ئابی 2021

**هیچ بارودۆخێک نیە، هەرچەندێکیش ئیستسنائی بی، ببێتە بیانو بۆ ئەشکەنجە، یان هەر شێوازێکی تر لە شێوازەکانی رزگاربوون لە سزا، من هانی زیادکردنی هەوڵەکان دەدەم بەرەو پاراستن و لێپرسینەوە، بەشێوەیەک بگونجێ یان هاوتەریب بێت لەگەڵ پابەندیەکانی عیراق بە پێ ی یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.**

- نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عیراق، جینین پلاسخارت، 3ی ئابی 2021.

## پێڕست

1. کورتەی جێبەجێکاری ..... 4
2. ماندەیت ..... 5
3. باگگراوند ..... 5
4. میتۆد ..... 6
5. چوارچێوەی یاسایی بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە عیراق. ..... 8
6. بانگێشەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە عیراق ..... 9
7. شیکردنەوەی فاکتەرە مەترسیدارەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە عیراق. .. 10
8. دەرەنجام ..... 20
9. ڕاسپاردەکان ..... 20
هاوپێچی 1- وەڵامی حکومەتی عیراق لەسەر راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ..... 23
هاوپێچی 2- وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ..... 27
هاوپێچی -٣- وەڵامی زیاتر لەلایەن حکومەتی عیراق لەسەر راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ..... 30

## 1. کورتەی جێبەجێکاری

ئەشکەنجە بۆتە واقیعك لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە سەرانسەری عیراقدا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ناتوانرێت بەشێوەیەکی وورد قەبارەو چوارچێوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو دەستنیشان بکرێت[1]، لەبەر ئەوەی، زۆربەی کات لەپشت دەرگا داخراوەکاندا لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا ئەنجام دەدرێت. دادوەران و پارێزەران و کادیرەکانی تەندروستی عیراق بەنهێنی دان دەنێن بە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە کارانە. لەپاڵ ئەمەشدا چیرۆکەکانی قوربانیەکان هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە کە گومان هەبێت لەوەی کە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو لەعیراقدا ڕوودەدات. سنووردارکردنی پرساندن لەسەر ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە ئاماژە بە چوونەبەربارو لێبوردەیی دەکات بەرامبەر بەم کارانە کە وەك شێوازێک بەکاردەهێنرێن بۆ وەرگرتنی دانپێدانان.

لەگەڵ ئەوەی کە لە چوارچێوەی یاسایی عیراقیدا زۆر بە ڕوونی ئەشکەنجە بە تاوان هەژماردەکرێت و مەرجە یاساییەکان و ڕێکارەکان بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە دەستنیشانکراون، بەڵام ڕێزگرتن لەم ئەحکامانە هێچ بوونێکی نییە. بۆیە پابەندنەبوون بە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان بۆتە هۆکاری شاردنەوەی ئەو ڕاستیانەی کە لە ژوورەکانی لێکۆڵینەوەو سەنتەرەکانی ڕاگرتندا ڕوودەدەن لە چاودێریەکی یاسایی کارا کە نکۆڵیکردن و بەرگری لەخۆکردن بەردەوام دەکات.

ئەم ڕاپۆرتە، مافی مرۆڤ لە بەڕیوەبردنی دادپەروەری لە عیراق دۆخی یاسایی و ڕێکارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو کە لەلایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ لة نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ هاریکاریی عیراق( یونامی)ەوە ئامادەکراوە پشتبەست بە ماندێتی بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (ژ. ٢٥٧٦) ی ساڵی ٢٠٢١ .لەڕێگەی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هانی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان دەدات کە ئاگادار بن لە بەردەوامی پەیرەوکردنی ئەشکەنجەو تری مامەڵەی نەشیاو لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن. ڕاپۆرتەکە لە ١ ی تەموزی ٢٠١٩ تا ٣٠ نیسانی ٢٠٢١ دەگرێتەوە، کە لەم ماوەیەدا بەرپرسانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە لەگەڵ ٢٣٥کەس لەوانەی کە لە ئازادیەکان بێبەشکراون، هەوەها لەم ماوەیەدا چەندین گفتۆشیان لەم بارەیەوە لەگەڵ کارمەندانی بەندیخانەکان و دادوەران و پارێزەران و کەسوکاری گیراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان لەسەرانسەری عیراقدا ئەنجەمداوە. هاوتا لەگەڵ شێواز و ئاراستەکانی دۆکۆمێنتکردن لە ڕابردوودا[2]، زیاتر لە نیوەی ئەو ڕاگیراوانەی کە لەلایەن نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدراوە بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە چەندین چیرۆکی ئەشکەنجەدانی باوەڕپێکراویان گێڕاوەتەوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕاپۆرتەش بریتییە لە گفتوکردن سەبارەت بە پانتاییەکانی ئەم کارانەو هاندانی هەوڵەکان بۆ پابەندبوونی زیاتر بە مەرجە یاساییە سەرەکییەکان و دەستەبەرکردنی ڕیکاری یاسایی بەو شێوەیەی کە لە چوارچێوە یاساییەکانی نێودەوڵەتی و عیراقیدا هاتوون، لەگەڵ دەستەبەرکردنی دادگایکردنی دادپەروەرانە و دۆخی ڕاگرتنی گونجاو، لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی ئەم ئەحکامە یاساییانە بریتین لە کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی ڕوودانی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو لەڕیگەی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو دۆخانەی کە هەل دەرەخسێنن بۆ ڕوودانی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو.

وەك پاڵپشتیەك بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییە، ڕاپۆرتەکە شیکاری فاکتەرە مەترسیدارەکانی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو لەکاتی لێکۆڵینەوە لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا دەخاتەڕوو، ئاماژەش بە نیگەرانی دەکات لە ڕێزنەگرتن لە مەرجە یاساییەکان و دەستەبەرکردنی دادگاییکردن بەشێوەیەکی ڕۆتین، بەتایبەتیش ئامانجەکان ئاماژە بەمانەی خوارەوە دەکەن:

1. دوواکەوتن لە مافی گەیشتن بە پارێزەر بەشیوەکی مەنهەجی تا دووای لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراو لەلایەن هێزە ئەمنیەکان و بەشێوەیەکی بەرفراوانتریش لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەدا.

[1]مامەڵەی خراپ واتە مامەڵەی نامرۆیی و توند و سوکایەتیپێکردن یان سزادان

[2] بۆ نمونە سەیری ڕاپۆرتی یونامی/ کۆمیسیونی باڵای مافەکانی مرۆڤ بکە دەربارەی وەڵام دانەوەی دادوەری لەسەر بانگێشەکانی ئەشکەنجە لە عیراق (ئابی ٢٠١٥). لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە پوختەی تێبینیە کۆتاییەکان دەربارەی عیراق((2015) CAT/C/IRQ/CO/1): تێبینییە کۆتاییەکانی لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر پێنجەم پێداچوونەوەی خولی گشتگیر ڕاپۆرتی عیراق (CCPR/C/IRQ/CO/5 (2015)

2 . پشکنینی پزیشکی بۆ ڕاگیراوەکان لەکاتی گەیشتنیان بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتن بەمەبەستی ئاشکراکردنی شوێنەواری ئەشکەنجە لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە عیراقدا ئەنجام نادرێت بەتایبەتیش لە کاتی ڕاگرتنی پێش دادگایکردندا.

3 . زۆربەی کات دوواکەوتن هەیە تا ڕاگیراوان دەرفەتیان پێبدرێت کە کەسێك ڕاسپێرن ئاگاداری کەسوکارەکانیان بکاتەوە لە شوێنی ڕاگرتنیان بەتایبەتیش لە ماوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، هەروەها سەردانی خێزانیش گەلێك تەگەرەی دەخرێتەپێش.

4 . ڕاگرتنی پێش دادگایکردن وەك ڕیکارێکی کارپێکراو لە لێکۆڵینەوەکانی تاواندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها ڕێکارەکانی هێنانی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادوەر لەماوەی ٢٤ کاتژمێر لەدووای دەستگیرکردن ڕێزی لێناگیرت.

5 . زانیاری دەربارەی ئۆرگانە ئەمنیەکان ئەوانەی کە دەسەڵاتی دەستگیرکردنیان هەیە، لەگەڵ ئەو دۆخەی کە ڕیگەدەدات ڕاگرتن ئەنجامبدرێت و هەموو شوێنە ڕەسمیەکانی ڕاگرتن شاراوەن.

6 . بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لە لێکۆڵینەوەکان بریتییە لە وەرگرتنی دانپێدانان، وە زۆربەی کات لێکۆڵینەوە لەلایەن دادوەرەکانەوە تەنها تاکیدکردنەوەیە لە ووتەکانی تۆمەتبار کە لەبەردەم هێزە ئەمنیەکاندا ووتویەتی.

7 . میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکانی پەیوەست بە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو زۆر کارا نین و هیچ جۆرە چارەسەرێك نارەخسێنن. زۆربەی کات دەسەلات سکاڵاو نیشانەکانی ئەشکەنجەدان پشتگوێ دەخەن، بۆیە زۆربەی گیراوەکان ئەم جۆرە ڕیکارانە ناگرنەبەر لەترسی تۆڵەسەندنەوە.

ئەم ڕاپۆرتە چەندین ڕاسپاردە پێشکەش بە حکومەت عیراق و هەرێمی کوردستان دەکات بەمەبەستی پابەندبوون بە چوارچێوەیەکی پاراستن کە لە هەردوو یاسای نێودەوڵەتی و عیراقیدا هاتووە. بەم پێیەش هەریەك لە نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی خولقاندنی بەشدارییێکردنێکی بونیاتنەر دان لەسەر بنەمای ئەنجامەکان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو.

## .2 ماندەیت

ئەم ڕاپۆرتە بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەکراوە، لەنێویشیاندا بڕیاری (ژ. ٢٥٧٦) ی ساڵی ٢٠٢١کە ویلایەت بە یونامی دەدات بۆ " برەودان بە پرساندن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی دادوەری و یاسایی لەگەڵ ڕێزگرتنی تەواو لە سەروەری عیراق لەپێناو سەروەری یاساو چاککردنی حوکمڕانی لە عیراق [...]. ئەم ڕاپۆرتەی کە لەلایەن نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق و کۆمیساری باڵای مەافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەکراوە بەشێکە لە بەشداری بەردەوام لەنێوان حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی بابەتەکانی بەڕێوەبردنی دادپەروەری و ڕاگرتن.

## .3 باکگراوند

> ناخۆشترین ڕۆژانی ژیانمبوون، هەر کە گەیشتمە ئەوێ ئەفسەرێک بە بۆڕی ئاسنین لێیدام و دوو وایەری کەرەبایان لێدام و لە هەفتەی دووەمی ماوەی دەستگیرکردنمدا لەسەر چنکان دایاننام و بە بۆڕیەکیەك بەستامیانەوە تا نەتوانم هەستمەوە دوواتر بە شتێکی ڕەق لە بنی پێیان دام کە زۆر بەئازار بوو وایکرد ببورێمەوە، دووای ئەوەی بەئاگا هاتمەوە بینیم کە گیراوەکانی تر لەسەر سەرمن و سنگم دەشێلن بۆ بوژاندنەوەم[3]. ڕاگیراوی ژمارە ٨٨.

هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو کاردەکەن بۆ وەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بە حکومەت لە تواناکانی حکومەت بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری و لەخۆگرتنی پرەنسیپی ڕەوایی. لەوانەیە بەرەنگاربوونەوەیەکی کارا بۆ ئەشکەنجەدان ببێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی خیتابی تیرۆریستی و توندڕەوی تر و ئەو بیانوەی کە لەپێشوودا بەکاردەهات لە هاندان بۆ توندوتیژی، دواتریش بەشداریکردن لە ئاشتی و سەقامگیری درێژخایەن.

لەسەر ئەم پاشخانەو وە وەك بەشێك لە هەوڵە فراوانەکانی بۆ برەودان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی دادوەریدا لە عیراق، هەریەك لە یونامی و کۆمیسیاری باڵای مەفەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستیان کردووە بە بەرنامەیەکی سیستەماتیك بۆ چاودێریکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ئازادیەکان بێبەشکراون لە مانگی تەموزی (٢٠١٩) ەوە. مەبەست لەمەش بریتییە لە: پاڵپشتی لە هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو هەموو جۆرێك لە مامەڵەی نەشیاوو سزای توند و نامرۆیی یان سوکایەتیپێکردن (ڕێکەوتننامەی

---

[3] زانیاریەکان بە شاراوەیی ماونەتەوە بۆ پاراستنی نهێنی کەسەکە

بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان)[4]. هەروەك لەلایەن ئەندامیەتی عیراقەوە تاکیدیلێکراوەتەوە لە کۆمەڵەی هاوڕێیانی بەرەنگاربونەوەی ئەشکەنجەدا[5]

تاکو تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، وەزارەتی دادی حکومەتی عیراق ڕایگەیاندووە کە ٣٩٥١٨ کەسی هەراش لە سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا ڕاگیراون کە لەنێویاندا ٢١١٥ ئافرەت هەبوونە، کە ١٢٦٤ کەسیان ڕاگیراوی پێش دادگاییکردن بوونەو ١١٥٩٥ کەسیان بەسزای لەسێدارەدان سزادراون[6]. هەروەها وەزارەتی داد بەشێوەیەکی جودا ڕایگەیاندووە کەوا لە ساڵی (٢٠١٩) دا کۆی ١٤٦٤ ڕاگیراوی نەوجەوان لە سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا ڕاگیراون، کە لەنێویاندا ١٠٠ کچ هەن وە کۆی ٨٩٣ لەم نەوجەوانانە بەتۆمەتی پەیوەست بە تیرۆرەوە ڕاگیراون[7]. لەپاڵ ئەمەشدا کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عیراق لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٠ی دا ئاماژەی بە کۆی ژمارەی ڕاگیراوان کردووە لە سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کە ( ٢٤٨٥٣)[8] ڕاگیراو بووە و وەزارەتی بەرگریش ( ١٩٧) و ئاژانسی دژە تیرۆر (١١٦) ڕاگیراو.[9]

تاوەکو مانگی ئایاری ٢٠٢١یش وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ٥٣٢٤ ڕاگیراو ی گەورە هەن لەگەڵ ٩٠ ئافرەت و ١٠٦ نەوجەوان لە سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتەکانیاندا[10]. ئەمەو هیچ داتایەکی ئەوتۆ نییە لەسەر ژمارەی ڕاگیراوان لە سەنتەرەکانی تری ڕاگرتن لە عیراقدا.

# 4. میتۆد

### آ. بەرنامەی چاودێری بەرلێگرتن

هەریەک لە یونامی و کۆمیسیاری باڵای مەفەکانی مرۆڤ "بەرنامەی چاودێری بەرلێگرتن" یان گرتۆتەبەر بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پێشێلکاری لە مافەکانی ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەشکراون، بەتایبەتیش ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو، ئەم کارەشیان لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی فاکتەرە مەترسیدارەکان و بنبڕکردنیان و زاڵبوون بەسەر ئەگەراکاندا ئەنجامداوە.

چەندین فاکتەر کاریگەریان هەیە بەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاودا، لەنێویشیاندا ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا. لایەنە گرنگەکەش بریتییە لە دڵنیابوون لە مەرجە یاساییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەشکراون و کاراکردنیان بە شێوەیەکی پراکتیکی لەهەموو قۆناغەکانی دادگایکردن و ڕاگرتندا. مەبەستی سەرەکیش لەم ئەحکامانەدا، جگە لە زامنکردنی دادگایکردنی دادپەروەرانە و دۆخی ڕاگرتنی گونجاو بریتییە لە سنوردارکردنی ئەگەری ڕوودانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو[11].

### ب. مێتۆدەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

زانیارییەکانی هەریەك لە یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنەکاندا کۆکراوەتەوە کە لەکاتی سەردانەکانیاندا بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتن یان دوواى ئازادکردنیان لەگەڵ ڕاگیراواندا ئەنجامیانداوە. لەپاڵ ئەمەشدا بەرپرسانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ چاویان کەوتووە بە بەڕیوبەرانی سەنتەرەکان و دادوەرەکان و پارێزەرانی کەیسەکان (لەنێویشیاندا سەندیکای پارێزەران) و داواکاری گشتی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و کەسانی تری پەیوەستی وەك چالاکوانان و

---

[4] عیراق لە ٧تەموزی ٢٠١١ دا چۆتە پاڵ ڕێکەونامەی ئەشکەنجە

[5] دەستپێشخەری ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە دەستپێشخەریەکی نێوان وڵاتانە بەمەبەستی بەهێزکردنی دەستگەو سیاسەتەکان بۆکەمکردنەوەی مەترسیەکانی ئەشکەنجەو مامەلەی نەشیاو بە چیبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە سەیری https://cti2024.org بکە

[6] نامەیەك لە وەزارەتی داد لە بەرواری ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠(ref: 12/Arabic letter Meem/7/1026) لە ئەرشیفی یونامی. ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بە سزای لەسێدارەدان تۆمەتبار کراون لە سەنتەری ڕاگرتنی سەر بە وەزارەتی داد گەیشتۆتە ٢٥ ئافرەت.

[7] نامەیەك لە وەزارەتی داد لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ (12/Arabic letter Meem/7/1081) لە ئەرشیفی یونامی

[8] لەگەڵ ئەوەی کە یونامی بەفەرمی داواکارییەکانی کردووە بەڵام ژمارەی فەرمی ڕاگیراوەکانی بەدەست نەگەیشتووە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە.

9 تایبەت بە سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد، کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ/عیراق ژمارەی زیاتری بڵاوکردۆتەوە لە ٢٠٢٠، کە ٤٣٤٧٨ ڕاگیراون لە (گەوران و نەوجەوانان تێکەڵ) لەگەڵ ٣٨٠ منداڵ کە لەگەڵ دایکیاندا لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا ماونەتەوە. سەیری ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ/عیراق بکە لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق جگە لە کوردستان (http://www.ihchr.iq/upload/upfile/ar/145.pdf (last accessed 25 May 2021), pp. 49-52.)

10پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرپرسی بەشی ئامار لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢١

[11]نەهجی لێژنەی فەرعی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بەرامبەر چەمکی ڕیکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو هەموو جۆرێک لە مامەلەی نەشیاوو نامرۆیی و سزادان سوکایەتیپێکردن بەپێی پرۆتۆکۆلی ئیختیاری ڕیکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو هەموو جۆرێک لە مامەلەی نەشیاوو نامرۆیی و سزادان سوکایەتیپێکردن، جنێڤ ١٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٠، برگەی ٥(آ)(ج).

کەسوکاری ڕاگیراوەکان. هەروەها هەڵساون بە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی تەشریعاتەکان و زانیاریەکان لە ڕاپۆرت و دۆکۆمێنتە فەرمیەکاندا. لەچەند حالەتێکی دیاریکراویشدا یونامی و کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ بەڵگە وێنەیان دەستکەوتووە کە دەیسەلمێنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لەدژی ڕاگیراواندا ڕوویداوە.

**ج. ژمارەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ئازادییەکانیان بێبەشکراون ئەنجامدراون.**

لەماوەی ١ی تەموزی ٢٠١٩ تاوەکو ٣٠ نیسانی ٢٠٢١ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ٢٣٥ کەس ئەنجامداوە لەوانەی کە لە ئازادیەکانیان بێبەشکراون لەسەرانسەری عیراقدا، لەنێویشیاندا ١١ ئافرەت و ١٥ نەوجەوان[12]، کە باسیان لە ٥٣٥ حالەتی دەستبەسەرکردن کردووە لە ١٨ پارێزگای عیراقدا. لەکۆی ئەم ژمارەیەشدا ٩٢ کەس بەتۆمەتی تیرۆر تۆمەتبارکراون. نزیکەی نیوەی کەیسەکانی تۆمارکراویش لە سەنتەرەکانی ڕاگرتنی هەرێمی کوردستان بووە کە (٢٦٥ حالەت لە کۆی ٥٣٥ دا). ئەم ئامارە تەنها ئەو چاوپێکەوتنانە دەگرێتەخۆ کە کەلەدووای ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٦ دا دەستگیرکراون[13].

لەعیراقی فیدرالیشدا یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ هەڵساوە بە سەردانیکردنی سەنتەرەکانی ڕاگرتنی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد لەگەڵ چەندین سەردانی دیکە بۆ ئەو سەنتەرانەی کەلەلایەن وەزارەتی ناوخۆو ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا[14] بەڕێوە دەبرێن. لەهەرێمی کوردستانیشدا یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ هەڵساوە بە سەردانیکردنی ئەو سەنتەرانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆو هەروەها ئاسایش[15]. لەدووای بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ دا یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ وەك ڕێکارێکی خۆپارێزی بەشێوەیەکی کاتی سەردانەکانی ڕاگرت. لەمانگی کانونی دووەمی ٢٠٢١ کیشدا یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ دووبارە دەستیان کردەوە بە ئەنجامدانی سەردانەکانیان بەگرتنەبەری پێوەراکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا.

**د. شێوازو زەماناتی چاوپێکەوتنەکان**

لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ ڕەچاوی " زیان نەگەیاندن" بە کەسانی ڕاگیراو کردووە، کە بریتی بووە لە کەمکردنەوەی مەترسیەکانی تۆلەلێکردنەوە دووای چاوپێکەوتنەکان. لەبەر ئەم هۆکارەش، وە بەپێی ڕێکارەکان یونامی/کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ ناسنامەی ئەو کەسانەی بەنهێنی هێشتۆتەوەو زانیاریەکانی لەسەر کەیسە تاکەکەسیەکاندا بڵاونەکردۆتەوەو لەگەڵ دەسەڵاتیش ئاڵوگۆڕی پێنەکردوون.

**هـ. هەڵسەنگاندنی چاوپێکەوتنەکان و بڕیاری یاسایی**

یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ هەڵساوە بە هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامی داون، هەروەها زۆر شتی تریش لەپیناو متمانەو باوەڕپێکراوی. لەم کەیسانەی کە یونامی/ کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ باوەڕی نەهێناوە بە چیرۆکی ڕاگیراوەکە چاوپێکەوتنەکە هەژمارنەکراوە.

هەموو ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامداوە لە یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ڕاهێنانیان پێکراوە لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگیراوان و هەڵسەنگاندنی زانیاریەکانی وەرگیراو و پاراستنی نهێنی و پشتڕاستکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی بابەتەکانی ڕاگرتن و ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو، بە سەرپەرشتی پسپۆڕان لە یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ.

---

[12] کەسی ڕاگیراو لەخوار ١٨ ساڵیدا بووە لەکاتی دەستگیرکردنیدا. یونامی/ کۆمیسیاری باڵا چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵاندا ئانجام نادەن بەهۆکاری پارێزگارلێکردن

[13] ئامانجی یونامی/ کۆمیسیاری باڵا دەرخستنی پەیرەوەکانی ڕاگرتن و دادوەرییە لە ئێستادا.

[14] سەردانی شوێنەکانی ڕاگرتن لە عیراقی فیدراڵدا کێشەی زۆری هەیەوە ئاسان نییە. سەردان بۆ سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد پێویست دەکات هەرجارێك ٤حەفتە پێشوتر ئاگادار بکرێننەوە وە بە زارێش پیبان بووترێت. لەگەڵ هەبوونی ڕەزامەندیش چەند جارێك یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵآ نەیتوانیووە سەردانەکانی ئەنجام بدات و بەتەنیا لەگەڵ ڕاگیراواندا کۆببێتەوە. یونامی/ کۆمیسیاری باڵا ئاماژە بەوە دەکەن کە چاوپێکەوتنە تاکەکەسی و نهێنیەکان لەلایەن وەزارەتی بەرگری و ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ئاسانکاری بۆ کراوە.

[15] لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ یونامی/ کۆمیسیاری باڵا ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ سەردانی سەنتەرەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستانکە چاوپێکەوتنە نهێنی و تاکەکەسیەکانیشی گرتۆتەوە . ئاسایش هێزێکی ئەمنیة و یەکێکە لە دامەزراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان وە لە ذێر فەرمانی سەرۆکی هەرێم کارەکانی ئەنجام دەدات , کە ئەیوەندیدارن بە تاوانەکانی ئابووری و سیاسی و لە نێویشیاندا کارەکانی سیخوڕی کردن و تیکدەرانەو تیرۆریستی.

ڕاپۆرتەکە هیچ جیاوازیەکی نەکردووە لە نێوان ئەو کارانەی کە لەوانەیە بگەن بە ئاستی ئەشکەنجە یان مامەڵەی نەشیاو، چونکە زۆربەی کات پێناسەکەی زۆر ڕوون نییە. زۆربەی کات ئەو دۆخەی کە دەبێتە مامەڵەی نەشیاو ڕێگەخۆشکەردەبێت بۆ ئەشکەنجەدان، بۆیە دەبێت هەموو ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکرێن کە ڕێگرن لە مامەڵەی لەم جۆرە[16]. تەنها توندوتیژیەکی زۆر بە ئەشکەنجە یان مامەڵەی نەشیاو هەژمارکراوە، کەچی توندوتیژیەکی کەمتر بە جیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ نایەوێت بە فەرمی بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئاخۆ ئەشکەنجە یان مامەڵەی نەشیاو لە کەیسێکی تایبەتدا ڕوویداوە، یانیش ببێت بە بەدیلێك بۆ یاسای سزادانی عیراق. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاری تۆکمەی کۆکراوە لە ماوەیەکی زەمەنیدا لە ڕێگای چاوپێکەوتنەکانەوە لەوانەیە ببێتە هۆکاری بڕواپێهێنەر بۆ دەرەنجامێک کە شێوازێک یان ئاراستەیەک هەبوە بۆ کارەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ، هەروەها تیشکی خستۆتە سەر مەرجە و زەماناتە یاساییەکان کە گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی یاسایی دادپەروەر و سنووردارکردنی پێشێلکاری لە مافەکان.[17]

## 5. چوارچێوەی یاسایی بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە عیراق.

### آ. یاسای نێودەوڵەتی

چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی کە عیراق بەشداره تیایاندا زامنی مافی ئازادی و ئاسایش و قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو دەکات، کە بریتییە لە ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەموو کەسەکان لە وونبوونی زۆرەملێ, و ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و ڕێکەوتننامەکانی جنێڤی ١٩٤٩[18] . پابەندبوونی وولات بۆ ڕێزگرتن لە قەدەغەکردنی ئەم جۆرە کارانە پابەندیەکی ڕەهایەو ناکرێت لەژێر هەر بیانویەك پاساوی بۆ بهێنرێتەوە[19].

ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان قەدەغەی ئەشکەنجە و هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی مامەڵە نا مرۆیی یان ڕیسواکەر دەکەن وە داوا لە وولاتانیش دەکەن کە ئەشکەنجەدان بەتاوان هەژمار بکەن. هەروەها داوا لە وولاتانێش دەکەن کە ڕێکاری تەشریعی و دادوەری بگرنەبەر بەمەبەستی قەدەغەکردنی کارەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو و شزاشی بۆ دابنێن[20].

لەم چوارچێوەیەشدا،[21] لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە داوای لە عیراق کردووە کە زامنی ئەوە بکات هەموو ئەو کەسانەی دەستگیرکراون بەیاساو بە پراکتیك زەماناتی یاساییان هەبێت بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە. لەپاڵ ئەمەشدا لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ڕایسپاردووە کە پێویستە عیراق پێوەری تەشریعی پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە لەیاسای سزاداندا پێناسەی ئەشکەنجە بەشێوەیەك بێت کە بەتەواوی بگونجێت لەگەڵ مادەی (٧) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی تردا. وە وا چاکترە بەشێوەیەك بەیاسا بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ مەترسیەکانی ئەم کارە. هەروەها لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە داوای لە عیراق کردووە کە هەنگاوی چاك بگرێتەبەر بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو لەگەڵ زامنکردنی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ لە کەیسەکانی ئەشکەنجەدان و ئەنجامدەرانێش ڕووبەڕووی یاسا ببنەوە و قوربانیانیش قەرەبوو بکرێنەوە[22].

---

[16]سەیری لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بکە، کۆمێنتە سەرەکییەکان ژ. ٢ جێبەجێکردنی مادەی (٢) لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە (CAT/C/GC/2 (24 January 2008), para. 3.)

[17] نەهجی لێژنەی فەرعی بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە،بڕگەی(c/5)

[18] عیراق لە ٢٥ ی کانونی دووەمی ١٩٧١ مسادەقەی لەسەر پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان کردووە، وە لە ١٥ حوزەیرانی ١٩٩٤ یشدا چۆتە پاڵ ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ، وە لە ١٤ شوباتی ١٩٥٦ ەوە مسادەقەی لەسەر پایماننامەی جنێڤی ١٩٤٩ کردووە

[19] پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادەی ٤ بڕگەی ٢ ، ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە مادەی ٢ بڕگەی ٢

[20] ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە مادەی ٢ بڕگەی١٦، لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتە گشتیەکان ژ.٢٠مادەی ٧ ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، وەرزی ٤٤ ساڵی ١٩٩٢بڕگەی ٨.

[21] لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، تێبینییە کۆتاییەکان لەسەر ڕاپۆرتی سەرەتایی عیراق ((CAT/C/IRQ/CO/1 (2015) بڕگەی ١٤: لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، کۆمێنتە گشتییەکان ژ.٢ جێبەجێکردنی مادەی ٢ لەلایەن وولاتی ئەندامەوە (CAT/C/GC/2(2008), para. 13)

[22]لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، تێبینییە کۆتاییەکان لەسەر پێنجەم پێداچوونەوەی خولی گشتگیرڕاپۆرتی عیراق( CCPR/C/IRQ/CO/5 (2015), para. 30)

### ب. یاسای عیراق

دەستوری عیراق قەدەغەی گرتنی نایاسایی و هەموو جۆرێك لە ئەشكەنجەی دەرونی و جەستەیی و مامەڵەی نەشیاوی كردووە، هەروەها زامنی مافی قەرەبوكدنەوەشی كردووە بۆ هەر زیانێكی مادی و مەعنەوی (مادەی ٣٧). هەروەها مافی ئازادی و ئاسایشیشی دەستەبەر كردووە و بیبەشكردنیشی لەم مافانەداو سنووردارکردنی مافەكانی قەدەغە كردووە تەنها بە گوێرەی یاسا نەبێت وە لەلایەن دەستەیەكی داگەری تایبەتەوە دەرچوبێت (مادەی ١٥).

مادەی (٣٣٣) لە یاسای سزادانی عیراق ئەشكەنجەی وەك تاوان پێناسە كردووە. وە تێیدا هاتووە كە (آ) هەر كارمەندێك ئەشكەنجە ئەنجامبدات یان فرمان بدات بە ئەشكەنجەدانی تۆمەتبارێك یان شاتحاڵێك یان هەواڵدەرێك بەمەبەستی وەرگرتنی دانپێدانان بە ئەنجامدانی تاوانێك یان پێدانی زانیاری لەسەر تاوانێك یان شاردنەوەی زانیاری، پێویستە سزا بدرێت بە بەندكردن یان سزای كاری قورس. دەبێت ئەشكەنجە بەكارهێنانی هێز و هەڕەشە بگرێتەوە"[23]. هەروەها یاسای سزادان " مامەڵەی توند" ی بە تاوان هەژمار كردووە كە لەلایەن كارمەندێكی فەرمیەوە ئەنجام بدەدرێت وە ببێتە هۆی لەدەستدانی " شكۆمەندی و ئازاری جەستەیی" بۆ كەسەكە (مادەی ٣٣٢). لەكاتی ئامادەكردن و بڵاوكردنەوەی ئەم راپۆرتەدا رەشنوسی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ئەشكەنجە لەساڵی (٢٠١٧) ەوە لەژێر گفتوگۆدا بوو لە ئەنجومەنی نوێنەراندا لە عیراق فیدرال[24].

لەپاڵ ئەمەشدا یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی عیراق و یاسا نێوخۆییەكانی تری پەیوەست زۆربەی ئەومافانە دەگرنەوە كە زامنی بەدەربوون لە ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو دەكات. ئەم راپۆرتەش بە تیروتەسەلی لە بەشی حەوتەم لەخوارەوە باس لە ئەحكامە پەیوەستەكان دەكات لەچوارچێوەی یاساكانی عیراقیدا. وە ئەم ئەحكامە یاساییانەی كە لەم راپۆرتەدا هاتوون لە حكومەتی فیدرال و هەرێمی كوردستاندا جێبەجێ دەكرێن.

## 6. بانگێشەكانی ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە عیراق

> شتەكان رۆژانە دووبارە دەبوونەوە، هەموو رۆژێك دەیانبەستامەوەو لێیان دەدام . هەندێك شتیان لەگەڵ كردووم لەوێدا كە لەرووم نایەت باسیان بكەم، بەڵام دەمەوێت یەك شتتان پێبڵێم كە دوو جار وایان لێكردم لەسەر بوتڵ دانیشم. چاوپێكەوتنی ژ١٠٦

بانگێشەكانی ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو زۆر باون لە سەنتەرەكانی راگرتن لە سەرانسەری عیراقدا. نیوەی ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە (١٢٢ لەكۆی ٢٣٥ كەس) پشتراستیان كردۆتەوەو لەلایەن یونامی/ كۆمیسیاری باڵای مافەكانی مرۆڤ هەڵسەنگاندنی بۆ كراوەو راست دەرچووە كە لە ١٧ پارێزگادا ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە سەنتەرەكانی راگرتندا پەیرەو كراوە. لەنێوان ئەو كەسانەشدا ٣ ئافرەت و ٧ نەوجەوانی نێر هەبوون. پەنجاوپێنج كەس لەوانەی كە بانگێشەی ئەوەیان كردووە كە دووچاری ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو بوونەتەوە لە سەنتەرەكانی راگرتنی هەرێمی كوردستاندا بوون. یونامی/ كۆمیسیاری باڵای مافەكانی مرۆڤ شێوازی هاوشێوەیان بەرچاو كەوتووە لە كەیسەكانی پەیوەست بە تیرۆرو كەیسەكانی تاوانی تر. (لە كەیسەكانی تیرۆردا ٤٨ كەس لە كۆی ٩٢ بانگێشەی ئەوەیان كردووە كە دووچاری ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو بوونەتەوە). ئەمەو ٢٦ كەس لە كۆی ١٢٢ ووتویانە كەوا دووچاری ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو بوونەتەوە لە زیاتر لە سەنتەرێكی راگرتندا (ئەمە لەكۆی ١٥٧ حاڵەتی راگرتندا).

لەگەڵ ئەمەشدا، ٢٧ كەس لەوانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە باسیان لەوە كردووە كە دووچاری زلە لێدان و جنێوپێدان و سوكایەتیپێكردن و هەڕەشە بوونەتەوە، هەروەها ٤٣ راگیراو باسیان لەوە كردووە بینیویانە كەسانی دیكە لە راگیراوەكان دووچاری ئەشكەنجەو مامەڵەی نەشیاو بوونەتەوە. یونامی/ كۆمیسیاری باڵای مافەكانی مرۆڤ تێبینی كردووە كە لەچەندین بۆنەدا ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگاڵدا ئەنجامدراوە ئامادە نەبوونە زانیاری بدەن لەسەر جۆری مامەڵەو هەڵسوكەوت لەگەڵیاندا، بەتایبەتیش لە سەنتەرەكانی راگرتندا. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت كە ژمارەی كەسەكان زۆر لەمە زیاترە لەبەر ئەوەی راگیراوەكان دەترسن باسی مامەڵەی نەشیاو بكەن.

---

[23] یونامی / كۆمیسیاری باڵا تێبینی كردووە كە مادەی ٣٣٣لە یاسای سزادانی عیراق بەتەواوی دەستەبەری ئەو كارانە ناكات كە لە پێناسەكانی نێودەوڵەتیدا بۆ ئەشكەنجە هاتوون هەروەك لە مادەی ١ ی رێكەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هاتووە : سەیری لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بكە تێبینییە كۆتاییەكان لەسەر راپۆرتی سەرەتایی عیراق (2015) CAT / C / IRQ / CO / 1 برگەی ٢٧:لێژنەی مافی مرۆڤ.

[24] مەبەست لەم یاسایە بەرەنگاربوونەوەی ئەشكەنجە بوو كە پێشكەش بە سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران كرا لە ١ی ئابی ٢٠١٧دا.

جۆرە سەرەکییەکانی ئەشکەنجە کەباسیان لێوە کراوە بریتی بوونە لە ڵیدانێکی پڕ ئازار و ، بەتایبەتی لە سك و قاچەکان بە دار و کارەباو دانیشتنی بە سترێس و هەڵواسین بە بنمیچ و ئیختناق و هەڕەشەی توند. شازدە کەس لەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە کە لەنێویاندا ژنێك کوڕێك هەبوون باسیان لەوە کردووە کە دووچاری توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، ئەمە جگە لەوەی کە بەکارەبا ئازاردراون و شووشەو دار خراوەتە ئەندامی زاوزێیان. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی کردووە زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە ئاماژەیان کردووە بە " ئەو جۆرە مامەڵانەی کە نایانەوێت باسی لیوە بکەن".

زۆربەی بانگێشەکانی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تر لەمامەڵەی نەشیاو دەگەڕێتەوە بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتنی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی فیدڕاڵدا(لە ٦١ کەیس لەکۆی ١٤٩ کەیسی تۆمارکراو) وە ئاسایشی هەرێمی کوردستان (٥١لەکۆی ١٨١ کەیسی تۆمارکراو) هەروەها یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ چەندین بانگێشەی تری ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاوی تۆمار کردووە لە سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری کە (٣ لەکۆی ١٦ کەیس بوونە)، وە دەستگەی ئاسایشی نیشتیمانی (٦ لەکۆی ١٠ کەیس) و دەستگەی هەواڵگری نیشتیمانیی عیراقی (٢ لەکۆی ٢ کەیس) و وەزارەتی داد ( ٥ لەکۆی ٣١ کەیس) لە عیراقی فیدرالیدا. لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا(٤ لەکۆی ٢٧ کەیس) هەروەها لەو شوێنانەی کە نەناسراو بوونە بۆ ڕاگیراوەکان[25] (١٥ لەکۆی ٢٨ کەیس)[26]. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی کردووە کە دەبێت قەبارەی نمونەکان گەرەتر بێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی مانابەخش دەربارەی شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگیراوان لە سەنتەرەکاندا.

ژمارەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بەو چیرۆکانە نادەن لەسەر باودۆخی خراپی نێو سەنتەرەکان کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە جۆرێک لە مامەڵەی نەشیاو یان ئەشکەنجە، کە بریتییە لە پێنەدانی خزمەتگوزاری پزیشکی و ئاوو بردنە بەر خۆر/ ڕاهێنان لە دەرەوە یان حەمام و کەمی پاکوخاوێنی و قەرەباڵغی زۆر. بۆ نمونە لەکانونی دووەمی ٢٠٢٠ دا یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ زانیاری وەرگرتووە لەسەر ٦٢ حالەتی مردن لەناو بەندینخانەی مەڵبەندیی ناسریەدا کە بە بەندینخانەی (الحوت) ناودەبرێت، وە بانگێشەی ئەوە هەیە کە زۆربەی حالەتەکانی ئەم مردنانە پەیوەستن بە پێنەدانی خزمەتگوزاری پزیشکیی تەواو و مامەڵەی نەشیاو[27].

## 7. شیکردنەوەی فاکتەرە مەترسیدارەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە عیراق.

جێبەجێکردنی تەواوی مەرجە یاساییەکان و زەماناتی یاسایی لەسەرەتای گرتن و ڕاگرتندا دەبێتە پێوەرێکی کارا بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو ، وە دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە چوارچێوەی پێشلێگرتن. مەرجە یاساییەکان و زەماناتی یاسایی لەگەڵ دۆخی ڕاگرتنی گونجاو دەبن بە ڕێگر لە ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو. هەروەها دەبن بە ڕێگر لە بانگێشەی بەدرۆ لەلایەن ڕاگیراوەکان و هەروەها پاڵپشتیش دەبێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەو دۆکۆمێنتکردنیان. ئەم مەرجە یاساییانەش بریتییە لە پێداچونەوەیەکی سیستەماتیکی بۆ ڕێساکانی لێکۆڵینەوەو شێوازەکانی، لەگەڵ ڕیکخستنەوەی گرتن و مامەڵەی ئەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێن یان ڕادەگیرێن یان بەندەکرێن[28].

---

[25] سەنتەری ڕاگرتنی نهێنی یان نادیار کاتێك بەکاردێت کە کەسی ڕاگیراو شوێنی مانەوەی نازانێت و ناشتوانێت ناسنامەی ئەو کەسانەی کە گرتویانە بزانێت بۆیە زۆربەی جار کەباس لەم شوێنانە دەکەن دەڵێن چاومان بەسترابۆوە

[26] یونامی /کۆمیسیاری باڵا تێبینی کردووە کەوا هیچ سکاڵایەکی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو وەرنەگیراوە لە سەنتەرەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا کە (٤٣ حاڵەتی ڕاگرتن تۆمارکراوە) بەهەمان شێوە لە ئۆپەراسیۆنەکانی بەغداش لە فرۆکەخانەی موسەننا لە بەغدا کە (٢٠ حاڵەتی راگرتن تۆمارکراوە)

[27] لەکاتێکدا کە یونامی/کۆمیسیاری باڵە لە دۆخێکی ئەوتۆدا نییە کە لێکۆڵینەوە لەم بانگێشانەدا بکات، بەڵام تێبینی ئەوەی کردووە کە هەموو ئەو داواکاریانەی کە پێشکەش بە وەزارەتی داد کراون سەبارەت بە ڕێوشوێنی گیراو بۆ چارەسەری ئەم ڕاپۆرتانە بێ وەڵام ماوەتەوە. بەشێوەیەکی بێلایەن لە یونامی/ کۆمیسیاری باڵا، بڕیاردەرە تایبەتەکان بانگەوازێکی بە پەلەیان له١٧ ئابی ٢٠٢٠ بۆ حکومەتی عیراق ناردووە سەبارەت بە ٢٠ بەندکراو لە بەندینخانەی ناسرییە، کە بانگێشەی ئەوەیان کردبوو لە دۆخێکی ناهەمواردا ژیان دەگوزەرێنن ولەلایەن پاسەوانەکانەوە دووچاری ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی بونەتەوە، وەکو هەڕەشەو سوکایەتیپێکردن. هەروەها نیگەرانیشیان دەربڕیوە دەربارەی ژمارەی مردن لە بەندینخانەکەدا ( UA IRQ 4/2020) . کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ٣٥٥ حاڵەتی مردنی لە سەنتەرەکانی راگرتنی سەر بە وەزارەتی دادی فیدرالی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا تۆمارکردووە. سەیری ڕاپۆرتی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بکە لە ٢٠٢٠ لاپەڕە ٧٠ - ٧١ .

[28] سەیری ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بکە مادەی ١١. لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 20 مادە 7 - قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی مامەڵە یان سزای توند یان نا مرۆیی یان ریسواکەر، خولی 44 (1992) پاراگراف 11.

یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مەفەکانی مرۆڤ دەرەنجامەکانی خۆی دەربارەی جێبەجێکردنی لیستێك لە مەرجە یاسایە گرنگەکان و زەماناتی دژ بە ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو لە کاتی ڕاگرتندا لەچوارچێوەی عیراقدا شیدەکاتەوەو پێشکەشی دەکات. ئەوەی کە ئاماژەشی پێنەکراوە ئەوەیە کە شێوازەکانی تێبینیکراو لەهەریەك لە عیراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان وەك یەکن.

آ.   گەیشتن بە پارێزەر

پاراستنی کارای کەسی دەستگیرکراو واتە گەیشتنی دەستبەجێ بە پارێزەرەکەی[29]، چونکە ئامادەبوونی پارێزەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوادا نەك تەنها دەبێتە ڕێگریکردن لە ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیاو بگرە زۆر جار ئەم پارێزەرانە زوو دەتوانن ئەم کارانە ئاشکرا بکەن و دەست بە ڕێکارە یاساییەکان بکەن بۆ دۆزینەوەی کەسانی بەرپرس، ئەوانەی کە لە کاری ئەشکەنجەوە تێوەگلاون و دڵنیابوونەوە لەوەی کە دانپێدانانی بە زۆرەملی وەك بەڵگەی تاوان بەکارنەیەت لەکاتی لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردندا.

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی وەرگرتنی هاوکاری لە نوێنەری یاسایی بە ویستی خۆیەتی، وە بەبێ بەرامبەریش ئەگەر دادوەری لە کەیسەکادا پێویست بکات، چونکە ئەمە دەبێتە زەمانەتێکی گرنگ لە دادگایکردنی دادپەروەرانە[30]. ئەو پارێزەرەی کە لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دابین دەکری دەبێ کارا بێت لە نوێنەرایەتی کردنی تاوانبار. لەوانەیە نا کارامەیی یان هەڵس و کەوتی نەشیاو ببێتە پێشێلکاری بۆ ئەو مافە . [31]. بۆیە لە دەستوری عیراقیشدا مافی بەرگریلێکردن لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردندا دەستەبەرکراوە کە دەڵێ پێویستە لەسەر دادگاکان " پارێزەر دابین بکەن لەسەر تێچووی حکومەت بۆ ئەو تۆمەتبارانەی کە پارێزەریان نییە" مادەی (١٩) برگەی ٤ و ١١، هەروەها یاسای (أصول محاکمات الجزائیة) ڕێکاری زیاتری خستۆتە بەردەست سەربارەت بە مافی هەبوونی پارێزەر لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگایکردندا (مادەی ١٢٣ و ١٤٤)[32].

دەرەنجامەکانی یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مەفەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گەیشتن بە پارێزەر لەعیراقدا بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دووادەخرێت بۆ دووای لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراواندا لەلایەن هێزە ئەمنیەکان و زۆربەی کاتیش لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەدا ( دەربارەی مەرجی ئەوەی کە دادوەری لیکۆڵینەوە لێکۆڵینەوەکان ئەنجامبدات لە یاسای عیراقیدا سەیری خاڵی (د) بکە. لەنێوان ٢٨٥ کەیسی گرتندا کە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لێکۆڵنەوەی لەگەڵدا ئەنجامدراوە هێچ یەکیان باسیان لەوە نەکردووە کە پارێزەرەکانیان ئامادە بووبن لەکاتی لێکۆڵینەوەدا. زیاتر لە سێ بەشی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە ئەوانەی کەلەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا ئامادە بوونە (١٤٤ لەکۆی ١٨٩ کەس) باسیان لەوە کردووە کە هێچ نوێنەرێکی یاساییان لەگەڵدا نەبووە لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا، لەکاتێکدا هەر هەموویان پارێزەریان هەبووە لە کاتی دادگاییکردندا. هەروەها پێنج لە کۆی ٩١ کەس باسیان لەوە کردووە کە دادگاییکردنەکانیان بەبێ ئامادەبوونی پارێزەر بەڕێوە چووە، وە لە ٪٤٠ لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە باسیان لەوە کردووە کە کە لەلایەن دادگاوە لەڕۆژی دادگاییکردندا پارێزەریان بۆ دابینکراوە (٣٧ لەکۆی ٩١).[33]

| دانانی پارێزەر لەلایەن دادگاوە لە کەیسەکانی تاواندا |
| --- |
| بەمەبەستی جێبەجێکردنی مافی بەرگریلێکردن لە کەیسەکانی تاواندا، ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە عیراقی فیدراڵدا ئاسانکاری کردووە بەوەی کەلەلایەن دادگاوە پارێزەرێک دەستنیشان بکرێت کە لەلایەن دادوەرەکانەوە لە سەرەتای دادگاییکردنەکەدا دەستنیشان دەکرێن لەکاتێکدا کە گومانلێکراو/ تۆمەتبار هیچ نوێنەرێکی یاسایی نەبێت کەخۆی هەڵیبژاردبێت. |

[29] لێژنەی مافی مرۆڤ، کۆمێنتە گشتییەکان ژ.٢٠ مادەی ٧ – قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو وەرزی ٤٤ ساڵی ١٩٩٢ برگەی ١١، وە کۆمێنتی گشتی ژمارە 35 سەبارەت بە مادە 9 ( ئازادی و ئاسایشی تاک ) پاراگرافەکانی 58.

[30] ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، مادەی ١٤ برگەی (٣ D)، هەروەها سەیری ستانداردەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ باندکراوان (A/RES/70/175) کە لە ١٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٥ لەخۆ گیراوە ( ڕیساکانی ماندێلا) ڕیسای ٥٣،٦١.١١٩-١٢٠

[30]. لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 32-مادەی 14:مافی یەکسانی بەرامبەر دادگا و دەستە دادوەریەکان و دادگایی دادپەروەرانە (CCPR/C/GC/32)، para. 38.

[32] مادەی ١٢٣ -ت لە یاسای ( أصول المحاکمات الجزائیة) کە تێیدا هاتووە، دەبێت دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادی بڕیار بدات کە ئایا کەسی تۆمەتبار ئارەزوی هەیە کە پێش لێکۆڵینەوەکان پارێزەرێك نوێنەرایەتی بکات. ئەگەر تۆمەتبار داوای پارێزەر بکات ئەوا نابێت هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت تا پارێزەرەکەی ئامادە نەبێت.

[33] تەواوی ژمارەکان بۆ بەراوردکردن جیاوازن، چونکە هەموو ئەو ڕاگیراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە نەچوونەتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە. لەوانەیە ڕاگیراوەکان لەلایەن چەند دەسەڵاتێکی ترەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرابێت لە شوێنیی ڕاگرتندا.

کرێی پارێزەرەکان لەنێوان ١٠ بۆ ٣٠ هەزار دیناری عیراقییە بەرامبەر بەرگریەکەیان لە دادگاو کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆ هەر جارێك[34]. لەهەرێمی کوردستانیش بەپێی یاسای پارێزەران پێویستە دادگا پارێزەرێك بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە نوێنەری یاساییان نییە، وە تێچووەکەشی لەنێوان ٦٠ هەزار بۆ ١٢٠ هەزار دیناری عیراقییە (مادەی ٣٦)[35]
ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە باسیان لەوە کردووە کە هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەو پارێزەرانە نەکردووە کەلەلایەن دادگاوە بۆیان دابینکراوە لەپێش دادگایی و دووای دادگیکردندا، وە ئەم پارێزەرانە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە پرۆسەی دادگاییکردنەکادا. دەرەنجامەکانی پرۆسەی چاودێریکردنی دادگاییەکان کە لەلایەن یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆڵی ئەو پارێزەرانەی کە لەلایەن دادگاوە دادەنرێن سنووردارەو تەنها ئامادەبوونە بۆ واژۆکردنی چەند دۆکۆمێنتێك بەبێ بەشداریکردنێکی بنەڕەتی لە کەیسەکە[36]، ئەمەش وایکردووە کە تۆمەتبارەکان نوێنەرێکی یاسایی کارایان نەبێت.
پرەنسیپەکانی ساڵی ٢٠١٢ ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گەیشتن بە هاوکاریی یاسایی لە پرۆسەی دادپەروەریدا کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەخۆگیراوە لەستانداردی نێودەوڵەتییەوە هەڵقوڵاوەو ڕێنیشاندەرێشە بۆ هەموو وولاتان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کارا بۆ وەرگرتنی هاوکاریی یاسایی.

پارێزەرەکانیش باسیان لەوە کردووە کە زۆر ئاستەنگیان بۆ دروست کراوە بۆ سەردانیکردنی سەنتەرەکانی ڕاگرتن، بەتایبەتیش لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا لە کەیسەکانی پەیوەست بە تیرۆر. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەی کردووە کە زۆربەی گیراوەکان تێگەیشتنێکی روونیان نییە بۆ قازانجەکانی هەبوونی ڕاوێژکاری یاسایی، یان وا تێگەیشتوون کە هەبوونی پارێزەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا زەرەر بە کەیسەکایان دەگەیەنێت.

ب. پشکنینی پزیشکی

پشکنینی پزیشکی سەربەخۆ لە کاتی گەیشتنی تۆمەتبار بۆ سەنتەری ڕاگرتن پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی هەر کێشەیەکی تەندروستی جەستەیی یان دەرونی، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئاشکراکردنی هەر پێکانێك جا بەهۆی ئەشکەنجە بێت یان هەر شتێکی تر پێش هاتن بۆ سەنتەری ڕاگرتن. بەدۆکۆمێنتکردنی هەر پێکانێك لەکاتی گونجاودا دەبێتە پارستنی بەڵگەکان لە لیکۆڵینەوە لەهەر کارێکی تاوانکاری پێشبینیکراو، هەروەها بۆ پاراستنی کارمەندەکانیش لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا، تاکو هیچ تۆمەتێکی هەڵە نەیەتە سەریان.[37]

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، کەسانی بێبەش کراو لە ئازادی مافیان هەیە بە خێرایی و ڕێک وپێکی دەستیان بگات بە کارمەندانی پزیشکی سەربەخۆ.[38] پێویستە هەر تۆمەتبارێك پێش ئەوەی بچێتە ناو سەنتەری ڕاگرتن پشکنینی بۆ ئەنجام بدرێت لەلایەن ستافی پزیشکی تایبەتمەندەوە[39]. لەعیراقی فیدراڵدا یاسای چاکسازی بەندکراوان و ڕاگیراوان (یاسای ژ. ١٤ ساڵی ٢٠١٨) ڕێگەدەدات بە چوونەژورەوەی تۆمەتبار بۆ ناو سەنتەری ڕاگرتن بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی لەسەر دۆخی تەندروستی جەستەیی و دەرونی (مادەی ٨) هەروەها لەم یاسایەدا هاتووە کە دەبێت چارەسەری پزیشکی بەخۆڕایی پێشکەش بە ڕاگیراوان بکرێت، هەروەها پشکنین و چاودێری دەوری بۆ دۆخی تەندروستیان لەلایەن لێژنە تەندروستیەکانەوە ئەنجامبدرێت (مادەی ١٢). یاسای ڕێکخستنی سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان (یاسای ژ.١ ساڵی ٢٠٠٨) یەکەیەکی دامەزراندووە بە ناوی یەکەی کاروباری تەندروستی کە بەرپرسە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆپارێزی و چارەسەرکردن لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا(مادەی ٢٦).

دەرەنجامەکان دەری دەخەن کەوا پشکنینە سەرەتاییەکانی پزیشکی پەیرەوکراو نییە لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە عیراقدا، بەتایبەتیش لە کاتی ڕاگرتن و پێش دادگایی کردندا. لە کۆی ٤١٦ ڕاگیراودا تەنها ٧١ یان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەنجامدراوە کە دەکاتە ( ١٧٪)[40]. یونامی/ کۆمیاسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەیان کردووە کە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە بەندینخانەی (سوسێ) کە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی دادی حکومەتی فیدراڵ دایە، هەروەها دوو لەسەر سێی چاوپێکەوتنەکانی ناو سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە (٣٠ کەس لەکۆی ٤٠) باسیان لەوە کردووە کەوا پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەنجامدراوە، ئەمەو ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە پرۆسەی پشکنینەکە زۆربەی کات بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی پێشویان بووە لەجیاتی دەستنیشانکردنی شوێنەواری ئەشکەنجە.

| دۆکۆمێنتکردن و لێکۆڵینەوەی کارا بۆ کەیسەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو |
|---|
| ڕێبەری لێکۆڵینەوەو دۆکۆمێنتکردنی کارا دەربارەی ئەشکەنجەو هەموو جۆرێك لە سزای توندو مامەڵەی نامرۆیی و سوکایەتیپێکردن یان سزادان (پرۆتۆکۆڵی ئیستەنبوڵ) پرەنسیپە سەرەکیەکانی پێشکەش کردووە، لەگەڵ پێوەرەکانی (معاییر دنیا) بۆ دۆکۆمێنتکردن و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی بانگیشەی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو و گەیاندنی دەرەنجامەکان بە دادوەری یان دەستەکانی تری لێکۆڵینەوە، بەتایبەتیش ڕۆڵی ئەخلاقی کارمەندانی تەندروستی لەم بارەیەوە.[41] |

ت. زانیاری لەبارەی شوێنی کەسی ڕاگیراو و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە

زانیاری لەبارەی شوێنی کەسی ڕاگیراو و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە دەبێتە پێشگر لە پێشێلکاریەکان و دڵنەوایی کەسوکارەکانیان. هەروەها لەوانەیە ئاسانکاریش بێت بۆ پرۆسەکانی چارەسەرکردن و سکاڵای دیکە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ڕاگیراوان مافی ئەوەیان هەیە کە کەسێکی نزیکیان یان کەسی سێیەم ئاگادار بکەنەوە لە شوێنی گرتنەکەیان، هەروەها پێویستە ڕێگەیان پێبدرێت کە پەیوەندی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بە کەسوکاریانەوە بکەن[42].

بەپێی ی دەستوری عیراق کە نابێت هیچ کەسێك بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیر بکرێت (مادەی ٣٧ بڕگەی ٢) کە بەپێی یاسای (أصول المحاكمات الجزائية) مادەت (١٠٩ و ١١٠) جێبەجێ دەکرێت. لەیاسای چاکسازیی بەندکراوان و ڕاگیراوانی کارپێکراو لە عیراقی فیدرالدا هاتووە کە دەبێ کەسوکاری کەسی دەستگیرکراو یان کەسێکی نیشانکراو ئاگادار بکرێنەوە لە حاڵەتی ڕاگواستنی بەندکراوان و ڕاگیراواندا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕاگیراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە هەڵی ئەوەیان پێدراوە کە کەسوکارەکانیان لە شوێنی مانەوەیان ئاگادار بکەنەوە، بەڵام زۆربەی کات ئەم شتە دووا دەکەوێت بەتایبەتیش لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینیان کردووە لەوەتەی قەدەغەی هاتووچۆی پەتای کۆرۆنا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ ەوە، هەموو سەردانە خێزانییەکان بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتن بەمەبەستی خۆپارێزی ڕاگیراون. بەڵام دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان ئەلتەرناتیڤێکی تریان بۆ ئەم پرۆسەیە گرتۆتەبەر ئەویش پەیوەندی لەڕێگەی (واتساپەوە)، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی کە لەسەرانسەری وڵاتدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئانجامدراوە ووتویانە کە ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنیانە تەنها بۆ چەند خولەکێك بووە دووبارەش نەبۆتەوە.

لەپاڵ ئەمەشدا یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ٦٠ حالەتی ڕاگرتنی تۆمارکردووە کە باسیان لەوە کردووە کەوا بەلانی کەم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یان زیاتر لە ژووری تاکەکەسی ماونەتەوە، ئەمەو نیوەی زیاتریشیان ئاماژەیان بە سەنتەرەکانی ڕاگرتنی ژێر دەسەڵاتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق کردووە. لەکۆی ژمارەی تەواودا ٢٦ کەسی ڕاگیراو باستان لەوە کرووە کەوا بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لەژووری تاکەکەسیدا ماونەتەوە. هەوەها زۆربەی ئەم ڕاگیراوانە باسیان لەوە کردووە کە زیندانی تاکەکەسی لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا واتە پێش دادگایکردن ڕوویداوە.

| زیندانی تاکەکەسی |
| --- |
| بەپێی ڕێساکانی ماندێلا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراواندا، زیندانی تاکەکەسی واتە جیاکردنەوەی جەستەیی و کۆمەڵایەتی بۆ کەسی دەستگیرکراو لە ژوورێکدا بۆ ماوەی ٢٢ کاتژمێر یان زیاتر لە ڕۆژێکدا. لەکاتێکدا زیندانی تاکەکەسی نابێتە پێشێلکاری لە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، کە تەنها لە حالەتی پێویست و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیرەو بکرێت. ڕێساکانی ماندێلا قەدەغەی زیندانی تاکەکەسی کرووە بۆ ماوەیەکی نەزانراو (واتە کەسەکە نازانێت کەی ئەم زیندانە تاکەکەسییە کۆتایی پێدێت)، زیندانی تاکەکەسی |

[34] لەعیراقی فیدراڵدا یاسای پارێزەران چوارچێوەیەکی دارشتووە بۆ هاوکاری یاسایی لەژێر دەسەڵاتی سەندیکای پارێزەراندا بۆکاسانی کە پێویستیان پێیەتی (مادەی ٦٦-٧٣)، لەگەڵ ئەمەشدا لە چاوپیکەوتنەکان لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەست دەرکەوتووە کە ئەم سیستمە بەهۆی کەمی هاوکاریی مادی بەباشی کارناکات.

[35] بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق ٦ ی حوزەیرانی٢٠١٣

[36] سەیری ڕاپۆرتی یونامی/ کۆمیسیاری باڵا بکە،لەسەر دادگایکردنەکان، مافەکانی مرۆڤ لە سەپاندنی دادپەروەریدا لە عیراق: دادگایکردنەکان بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو کاریگەریەکانی لەسەر دادپەروەری و پرساندن و یەکڕیزی کۆمەڵایەتی لە دووای داعش (کانونی دووەمی ٢٠٢٠) لا. ٦-٧

[37] سەیری ڕێنمایی لێکۆڵینەوەو بە دۆکیۆمێنت کردنی کارای ئەشکەنجە و هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی مامەڵە یان سزای توند یان نا مرۆیی یان ریسواکەر، کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، زنجیرە راهێنانی پرۆفیشناڵی ژمارە 8/ 2004. ریف 1.

[38] لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، کۆمێنتی گشتی ژمارە 2، جێبەجێ کردنی مادەی 2 لەلایەن وولاتانی ئەندام، CAT/C/GC/2 (24 January 2008)، para. 13; لێژنەی مافی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 35 سەبارەت بە مادە 9 (ئازادی و ئاسایشی تاک) پاراگرافەکانی 58.

[39] ڕێساکانی ماندێلا، ڕێسای ژ. ٣٠ هەروەها پرەنسیپەکانی پاراستنی هەموو کەسێک کە دووجاری گرتن و ڕاگرتن دەبنەوە (کۆمەڵێك پرەنسیپ) پرەنسیپی ژ.٢٤ هەموو کەسێك مافی تەندروستی جەستەیی و دەرونی هەیە( پەیماننامەی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، (مادی ١٢) کە لە مادەی ٣١ ی دەستوری عیراقدا ڕەنگی داوەتەوە. کاتێك دەوڵەت کەسێك لە ئازادیەکانی بێبەش دەکات، ئەرکی سەرشانیەتی کە ئاگاداریان بێت و چارەسەری پزیشکی وپارێزگاری لە تەندروستی جەستەیی و دەرونیان بکات.

[40] تەنها حاڵەتەکانی ڕاگرتنی گرتۆتەوە، کەسانی ڕاگیراو زانیاریان داوە دەربارەی پشکنینی پزیشکی

[41] ڕێبەر دەربارەی لێکۆڵینەوەو دۆکۆمێنتکردنی کارا لەسەر ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو و سوکایەتیپێکردن، زنجیرەیەك ڕاهێنانی پرۆفیشناڵ (8/Rev.1, 2004) هەروەها سەیری بەشی پەیوەست بکە لە ڕێساکانی ماندێلا

[42] سەیری ڕێساکانی ماندێلا بکە .پرەنسیپی ٥٨، دەستەی پرەنسیپەکان ژ. ١٥-١٦ لێژنەی بەرەنگاربونەوەی ئەشکەنجە کۆمێنتی ژ ٢،جێبەجێکردنی مادەی ٢ لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە (٢٤ کانونی دووەم ٢٠٠٨) برگەی ١٣وە کۆمێنتە گشتییەکانی لێژنەی مافی مرۆڤ ژ.٣٥

| |
|---|
| درێژخایەن واتە (زیندانی تاکەکەسی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژی بەردەوام) وە هەردوکیان لەوانەیە بگەن بە ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو(ڕێساکانی ژ. ٤٣-٤٥) |

یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوە دەکات کە بەربەستەکانی بەردەم سەردانی کەسوکارو پەیوەندیکردن، بەتایبەتیش کاتێك بەمەبەستی پاراستنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان بێت نابێتە جۆرێك لە پێشێلکاری لە پرەنسیپەکان، بەڵام پێویشت دەکات کەوا هەڵسەنگاندنێکی چاکی بۆ بکرێت و نەك بەشیوەیەکی هەرەمەکی کاری پێبکرێت. بۆیە یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە بێبەشکردن لە سەردانی کەسوکارو پەیوەندیکردن لەگەڵ نەگەیشتن بە پارێزەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا لەوانەیە دۆخێك دروست بکەن کە پێی دەووتری دابڕاندن لە جیهانی دەرەوە.

| دۆخی دابڕاندن لە جیهانی دەرەوە |
|---|
| دۆخی دابراندن لەجیهانی دەرەوە کاتێك روودادات کە کەسی ڕاگیراو هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نامێنێت. بەپێ ی لێژنەی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ، زیندانی کردنی تاکە کەسی کە رێگری بکات لە ئامادە بوونی راستەوخۆ لە پێش دادوەر، بە شێوەیەکی ئاسایی پێشێلکاریە بۆ مادەی 9(3) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان. وە بەپێ ی ماوەو بارودۆخەکانی تر، زیندانی کردنی تاکە کەسی لەوانەیە ببێتە پێشیلکاری بۆ مافی تریش لە پەیماننامەکە، لە نێویشیاندا مادەکانی 6 و 7 و 10 و 14[43] . وەبەپێ ی کۆمەڵێک پرەنسیپ بە پێشێلکاری هەژمار دەکرێت لە یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر هاتوو " زیاتر لە چەند ڕۆژێك" [44]بێت، هەروەها دەکرێ بە وونکردنی بەزۆرەملێش هەژمار بکرێت کاتێك کەسوکاری کەسی ڕاگیراو ئاگادار ناکرێتەوە لە شوێنی مانەوەی[45]، ئەمەو ڕاگرتن بۆ ماوەی زۆر وە دابڕان لە جیهانی دەرەوە لەهەندێك حاڵەتدا بە ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو هەژمار دەکرێت[46]. |

ث. بەکارهێنانی ڕاگرتنی پێش دادگایکردن و چاودێریی دادوەری

ڕاگرتنی پێش دادگاییکردن(الحبس الاحتیاطي) لە یاسای (أصول المحاکمات الجزائیة) دا ڕێکارێکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە تۆمەتبار ببرێتە بەردەم دادگا و ڕێگریکردن لێی کە هیچ کارێکی تاوانی تر ئەنجام بدات، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر دەسوەردانێکی نایاسایيە لە دادپەروەریدا. هەروەها ڕاگرتنی پێش دادگاییکردن توانای گومانلێکراو کەمدەکاتەوە لە ئامادەکردنی بەرگریەکی کارا لەخۆی[47].

هەر بێبەشکردنێك لە ئازادیەکان دەبێتە بەربەستێکی مەترسیدار لەسەر ماف وئازادی تاکەکەس. بۆیە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان داوا دەکات کە ڕاگرتنی پێش دادگایکردن وەك پێوەرێکی ئستثنائی بەکاربهێنرێت و لەسەر بنەمای بڕیارێك بێت کە زۆر مەعقول و پێویست بێت[48].نابێت منداڵ لە ئازادیەکانی بێبەش بکرێت تەنها ئەگەر زۆر پێویست نەبێت وە بۆ کەمترین ماوە بێت[49]. دەبێت ئەو کەسانەی کە ئازاد نەکراون و لە چاوەڕوانی دادگایی کردنن بە زووترین کات دادگایی بکرێن، بە قەدەر ئەوەی کە بگونجێ لەگەڵ مافەکانیان لە داکۆکیکردن لە خود، لەوانەیە زیندانی کردنی تاکەکەسی درێژخایەن لە کۆی کۆمەڵێک ببێتە هۆی مەترسی دروست کردن لەسەر گریمانەی بێتاوانی. [50]

کەسانی دەستگیرکراوو راگیراو بە تۆمەتێکی جینائی مافی ئەوەیان هەیە کە بەزووترین کات ببرێنە بەردەم دادوەر، هەروەها تانەش لە بڕیاری ڕاگرتنەکەیان بدەن، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە کە لە ماوەیەکی گونجاودا دادگایی بکرێن یان ئازاد بکرێن[51]. چاودێری دادوەری

[43] لێژنەی مافی مرۆڤ کۆمێنتە گشتیەکان ژ. ٣٥ لە مادەی ٩ (ئازادی و ئەمنیەتی تاکەکەس) برگەی ٣٥

[44] دەستەی پرەنسیپەکان، پرەنسیپی ژ.١٥

[45] رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی هەموو کەسێک لە وونکردنی بەزۆرەملێ، مادەی ٢

[46]بۆ نمونە سەیری لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، بەلاغی ژ.١٤٦٩/٢٠٠٦ ,Sharma v. Nepal, (2008), para. 7.2; Communication No. 1196/2003, Boucherf v. Algeria (2006), para. 9.6.

[47]مادەی ١٩ برگەی ٥ لەدەستوردا باس لەوە دەکات کە تۆمەتبار بێتاوانە تاکۆ لەدادگا یەکلایی دەبێتەوە

[48] ماددەی 9(3) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان. سەیری کۆمێنتی گشتی ژمارە 35 سەبارەت بە مادە 9 (ئازادی و ئاسایشی تاک) پاراگرافەکانی 58 بکە.

[49]ڕیکەوتننامەی مافی منداڵ مادەی ٣٧، دەبیت بەرژەوەندیەکانی منداڵ لە پێشینەبێت لەهەر کارێکی دروستکردنی بڕیاردا مادەی(٣). سەیری لێژنەی مافەکانی مناڵ کۆمێنتی گشتی ژمارە 24( (CRC/C/GC/24)، paras. 82-91) بکە, هەروەها سەیری ڕیساکانی بەکین بکە بۆ کاروباری دادوەری نەوجەوانان کە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٤٠/٣٣ کە لە ٢٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ لەخۆگیراوە. ڕێسای ژ.١٣

[50] لێژنەی مافی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 35 سەبارەت بە مادە 9 (ئازادی و ئاسایشی تاک) پاراگرافی 37 .

[51] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادی ٩: ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافی منداڵ مادەی ٣٧.

لەرێگەی دۆکۆمێنتکردنی بێلایەنانە بۆ دۆخی مادی وگوزەرانی کەسانی بێبەشکراو لە ئازادییەکان ئەداتێکی پێویستە بۆ پاراستن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو[52].

یاسای (أصول المحاكمات الجزائية) عیراقی بەرپرسیارێتی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە گومانلێکراوان دەخاتە ئەستۆی دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادی کە بەسەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت. ئەمەش بەپێی مادەی (٥١ و ١٢٣) دەبێت لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجام دەدرێت. دادوەری لێکۆڵینەوەش بۆی هەیە کە گۆمانلێکراو ڕابگرێت بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هەڵاتن دەستوەردان لە دادپەروەریدا[53].پێویستە هەموو ١٥ ڕۆژ جارێك پێداچوونەوە بە بڕیارەکە بکرێت وە نابێت ماوەی ڕاگرتنی پێش دادگایی کردن لە شەش مانگ تێپەربێت. هەروەها دادوەری لێکۆڵینەوە بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە دادگای تاوان بکات بۆ درێژکردنەوەی ماوەکە بەمەرجێك لە جارەگی ماوەی سزاکە تێنەپەرێت. تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتن لە کەیسەکانی سزای لەسێدارەدان دەتوانرێت بۆ ماوەی دیارینەکراو ماوەکە درێژبکریتەوە (مادەی ١٠٩ و ١١٠).

دەرەنجامەکان دەریانخستووە کە لێکۆڵینەوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لەگەڵ گومانلێکراواندا کارێکی باوە لە عیراقدا. نزیکەی هەموو لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئانجامدراوە (٢١٥ لەکۆی ٢٣٥ کەس) باسیان لەوە کردووە کە لەلایەن هێزەئەمنیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە نەك دادوەری لێکۆڵینەوە وە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکانیان (سەیری سەرەوە بکە لە بەشی آ). هەروەها ماوەی مانەوەش بۆ بردنە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە لە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر بووە تا شەش مانگ، ئەمەو زۆربەی کەیسەکان لە سێ تا چوار ڕۆژ و چەند حەفتەیەکی پێچووە. وە زۆربەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ووتویانە کە دووای لێکۆڵینەوە گەڕێنراونەتەوە شوێنی ڕاگرتنی خۆیان واتە هەمان شوێنی هێزە ئەمنیەکان لەجیاتی ئەوەی ببرێنە سەنتەرەکانی راگرتنی پێش دادگایی.

زانیاریە وەرگیراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ڕاگرتنی پێش دادگایی کردن لەکەیسەکانی تاواندا لەعیراق بە بەردەوامی بەکاردەهێنرێت[54]. لەکاتێکدا کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە باسیان لەوە کردووە کە دادگایی کردنەکەیان لەماوەی ٦ بۆ ٨ مانگ تەواو بووە، کەچی یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ چەندین حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتنی دۆکۆمێنت کردووە کە لە ساڵێك زیاتر بووە. لە پارێزگای نەینەوا یەکێك لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە باسی لەوە کرد کە دادگای سەرەتایی دووای ٢١ مانگ ئازادی کردوو بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تاوان لە دژی. زۆربەی راگیراوەکان ئاماژەیان بە دوواکەوتن کرد لە ئازادکردنیان، بەتایبەتیش بەهۆی مانەوەیان لە چاوەڕوانی بۆ بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە- هەتا ئەگەر بڕیاری ئازادکرنیشیان بۆ دەرچوبێت لە دادگا- یانیش بەهۆکاری ئەوە ماونەتەوە تا پشکنین بکرێت لە ئەگەری تێوەگلانیان لە تاوانێکی تردا. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان ڕاگیراوێکی نەوجەوان باسی لەوە کرد کە لەلایەن دادگاوە ئازادکراوە، بەڵام تا دادگای تەمییز پێداچوونەوەی بۆ سزاکەی کردووە کە دوواتر گۆڕیتی بۆ دوو مانگ ئەم کەسە ماوەی ٦ مانگ بە گیراوی ماوەتەوە.

| گرتنەبەری ڕێوشوێن بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا |
| --- |

---

[52] ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە مادەی ٢ (٢)، وە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، مادی ٤ و ٧

[53] مەبەست لە چاودێری دادوەری بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداچوونەوەیەکی بێلایەنانە بۆ پێویستی لە ڕاگرتن. لێژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە " واباشترە کە دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن دەستەیەکی بێلایەنەوە جێبەجێ بکرێت" لەگەڵ ئەوەی کە دەسەلاتی لێکۆڵینەوەو هێشتنەوە لە عیراقدا دراوە بە دادوەری لێکۆڵینەوە هەروەك داواکاری گشتی، بەڵام یونامی/ کۆمیسیاری باڵا دەڵێت ئەم مافە بەشێوەیەکی کارا دەستەبەر نەکراوە. سەیری لێژنەی مافەکانی مرۆڤ بکە، کۆمێنتی گشتی ژ. ٣٥ مادی (٩) ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی ( 14) (CCPR/C/GC/35 .December(2014), para. 32

[54] بۆ نمونە یونامی/کۆمیسیاری باڵا کەیسی دوو منداڵی لەتەمەنەکانی ١٠ و ١٣ ساڵیدا بە تۆمەتی سواڵکردن دۆکۆمێنت کردووە کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە راگرتن ماونەتەوەو لەلایەن هێزەئەمنیەکانیشەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

ماوەی مانەوەی زۆر لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا دەبێتە هۆکارێك بۆ قەرەباڵغی، ئەمەش لەخۆیدا بەرەو دۆخێکمان دەبات کە لەوانەیە بگات بە ئاستی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو. [55]قەرەباڵغی بۆتە کێشەیەکی سەرەکی لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە عیراقدا. ڕاگیراوان باسیان لەوە کرد کە ٣٢ سەنتەری ڕاگرتن لە ١٠ پارێزگای عیراقدا کێشەی قەرەباڵغی تێدا بووە. هەروەها حکومەتی عیراق ڕایگەیاندووە کە بەندینخانەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد توانای وەرگرتنیان لە ٢٠٠٪ لە ئێستادا[56].
لانی کەمی بنەما نمونەیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕیوشوێنی نەهێشتنەوە لە دەستبەسەرکردن و ڕیساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتباری ئافرەت چەندین ڕێکاری بە وڵاتان پێشکەش کردووە دەربارەی ئەم ڕێوشوێنانە بەمەبەستی خۆبەدوورگرتن لە دەستبەسەرکردنی نا پێویست کە تێچووی زۆرە[57].
هەڵوێستی هاوبەشی سیستمی نەتەوە یەکگرتوەکان دەربارەی گرتن تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە بەندینخانەکانی کە خزمەتگوزاری چاك و گونجاو پیشکەش دەکەن فاکتەرێکی گرنگن بۆ پلانی گەشەسەندنی درێژخایەن بۆ ساڵی [58]٢٠٣٠. لەم چوارچێوەیەشدا ئامانجی ژمارە ١٦ لە ئامانجەکانی پلانی درێژخایەن دەربارەی ئاشتی و دادپەروەری و دەسگەی بەتوانا، ڕێژەی سەدی ڕاگرتوەکانی پێش دادگایکردنی دەستنیشان کردووە لە سەنتەرەکاندا وەك ئاماژەیەك بە تواناکانی دادپەروەری[59].

## ج. یاساییبوونی دەستبەسەرکردن

پرۆسە دادگەر و شەفاف و بەرپرسیارەکان متمانە لەنێو دامودەستگەکانی دەوڵەت بەهێزدەکەن. لە چوارچێوەی فەراهەم نەکردنی ئازادی، بەهۆی ئەو سنوربەندییانەی لەسەر تاکەکان دادەنرێن، گرنگە کە تەنها بەگوێرەی گونجانی تەواو لەگەڵ پرۆسە یاساییەکان و ئەو کەسانەی کە دیاریکراون بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە ئەنجامبدرێت.[60]

یاسای نێونەتەوەیی و دەستوری عێراق دەستبەسەرکردنی نایاسایی بەڕوونی قەدەغەدەکەن. دەستوری عێراق ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە تەنها ئەو شوێنانەی تایبەتکراون بۆ دەستبەسەرکردن، کە تەبابێت لەگەڵ یاساکانی بەندیخانە و مەرجەکانی تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت، وە لەژێر دەسەلاتی دەوڵەت دابێت، ڕێگەپێدراون (مادەی ١٩). یاسای سزادان قەدەغەی دەستبەسەرکردنی نایاسایی دەکات.

یاسای چاکسازی بەندکراوان لە عێراقی فیدراڵ قەدەغەی دانانی بەندیخانە و سەنتەرەکانی ڕاگرتن دەکات کە سەرریەرشتی و کۆنترۆڵ و بەڕێوەنابردرێن لەلایەن وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ (ماددەی ١).[61] لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسای ڕێکخستنی سیستەمی بەشی چاکسازی کۆمەڵآیەتی باس لە دۆخی سەنتەرەکانی دەستبەسەرکردن دەکات لەژێر دەسەڵآتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

لە عێراقی فیدراڵ، زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە دەستبەسەرکراوان لە جۆرەها شوێنگە ڕاگیراون کە لەژێر دەسەڵآتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی بەرگری و دەستگەی ئاسایشی نیشتمانی و دەستگەی هەواڵگری نیشتمانی عێراق، دەستگەی دژەتیرۆر و هیزەکانی حەشدی شەعبی نین. یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ هەڵساوە بە تۆمارکردنی ٢٨ حالەتی دەستبەسەرکردن کە تیایاندا بەندکراو ئاگادارنەبوە لە لایەنی دەسەلاتدار (تەنها لە سێ حالەت نەبێت، بەندکراوان دوایی گواستراونەتەوە بۆ شوێنە فەرمییەکانی سەنتەری ڕاگرتن).

---

[55] بۆ زانیاری زیاتر سەیری: ڕاپۆرتی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بکە، کاریگەریەکانی قەرەباڵغی و زۆر هێشتنەوە لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن بەسەر مافەکانی مرۆڤ (A/HRC/30/19 (10 August 2015), para. 37)

[56] لێژنەی مەفەکانی مرۆڤ وەڵامی عیراق لەسەر کۆمەڵێك بابەت ( CCPR/C/IRQ/RQ/6) لە ٩ی کانونی یەکەم ٢٠٢٠، برگەی ٧٠

[57] سەیری بەشی پەیوەست بکە لە ( پرەنسیپی پکین) بۆ نەوجەوانان

[58] https://www.unodc.org/res/justice-and-prison-reform/nelsonmandelarules -

[59] نیشانەکانی ٢.٣.١٦ (ڕاگیراوان ئەوانەی حوکم نەدراون وەك بەشی سەرەکی لە ژمارەی بەندکراوان) لە ئامانجی ١٦.٣( برەودان بە سەروەری یاسا لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و زەماناتی دادپەروەری بۆ هەمووان) لەچوارچیوەی ئامانجی ژ١٦. لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی درێژخایەن(برەودان بە ئاشتەوایی وکۆمەڵگا) بەمەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ هەمووان و بنیادنانی دەستگەی کارا و ئامادە بۆ پرساندن و گشتگیر لەسەر هەموو ئاستەکاندا)

[60] پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٩؛ کلێشەی پرەسنیبەکان، پرەنسیپی ٢.

[61] لە نامەیەک کە لە کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ نوسراوە، ئەنجومەنی باڵای دادوەریی لە عێراقی فیدراڵ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە "هیچ شوێنێکی گرتن نییە کە سەر بە لایەنەکان بێت بەدەر لەوانەی کە سەر بە دەسەلاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دادن." نامە ڕەسەنە عەرەبییەکە لەلایەن یونامی/ئۆفیسی کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤە.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش سەرپەرشتی سەنتەرەکانی ڕاگرتن لەگەڵ بەندیخانەکان دەکەن، لەگەڵ ئەوانەش لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین. یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ نەیتوانیوە یاساکان دەستنیشان بکەن بۆ ڕێکخستنی سەنتەرەکانی ڕاگرتن لەژێر دەسەلاتی ئەم یەکانە.

| **ڕفاندن لەچوارچێوەی خۆپیشاندانەکان لە عێراقی فیدراڵ** |
|---|
| لە خۆپیشاندانەکانی عێراقی فیدراڵ، یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ هەڵساوە بە دۆکیومێنتکردنی ٣٩ کەیس کە پێدەچوو ڕفێدرابن لە پەراوێزی خۆپیشاندانەکان لە عیراقی فیدرال کە بارودۆخی ئاماژەکان وا پیشان دەدەن کە لەلایەن کۆمەڵێک چەکداری دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت.<br><br>لە کۆی ئەمەشدا، ٣٨ بەندکراو باسیان لەوەکرد کە ڕووبەڕووی چەندەها جۆری ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو بوونەتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، لەنێویشیاندا لێدانی توند و ئەشکەنجەی کارەبایی، خستنەناو و خۆشۆردن بە ئاوی سارد، هەڵواسین بە دەست و پێ، هەڕەشەی کوشتن و توندوتیژی سێکسی دژ بە خۆیان و خێزانەکانیان و سوکایەتیپێکردن (بۆنمونە میزکردن بەسەریاندا و وێنەگرتنیان بە ڕووتی).<br><br>یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەم حاڵەتانەی وەکو ڕفاندن لە قەڵەمدا بەگوێرەی زانیاری بەردەست. هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەندێک لەو حاڵەتانە نمونەی دەستبەسەرکردنی نایاسایین تیایدا جێی نەکراوەتەوە. چاوپێکەوتنەکانی تایبەت بە ڕفاندن لە چوارچێوەی خۆپیشاندانەکان نەخراونەتە نێو شیکاری ئەم ڕاپۆرتەی ئێستا.[62] |

### ح. دانپێدانان و دۆکیومێنتەکان کە بەبێ ئاگاداری دەستگیرکراوان واژۆکراون

| لەدواوە دەستەکانیان بەستم و هەڵیانواسیم بە بنمیچەوە. پرسیاریان لێنەکردم، تەنها هاواریان دەکرد کە داپێدانان بکەم". "<br>دەستگیرکراوی ژمارە ١٠٧ |
|---|

پشتبەستنی زۆر بە دانپێدانانەکان بەپێچەوانەی سەرچاوەکانی تری بەڵگە پەیوەستە بە ژینگەیەک کە تیایدا لەوانەیە هێزەکانی ئاسایش بیانەوێت ڕێکارە یاساییەکان لەبەرچاوەنەگرن بۆ دەستخستنی دانپێدانان. هەرچەندە، بە ئەزمون دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ئەشکەنجە و جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو وەکو میتۆدێک بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان، ڕەهەندێکی مەترسیدارە. سەرەرای نایاساییبوون و نامۆڕالیبوون، ئەمە ڕێگەیەکی پشتپێبەستوو و کاریگەر نییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وورد.

بەگوێرەی ستاندەردە نێونەتەوەییەکان، وەسەرەرای قەدەغەکردنی تەواوی ئەشکەنجە، هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە زۆری لێنەکرێت گەواهی بەزۆربدات و دان بە تاواندابنێت[63] . نابێت پشت ببەسترێت بە هیچ ووتەیەک کە پشتڕاست بوبێتەوە کە لە ژێر ئەشکەنجە وەرگیراوە وە بەکاربهێنرێت وەک بەڵگە لە هەر ڕێکارێکدا[64].دەستوری عێراق (مادەی ٣٧) و یاسای (أصول محاكمات) (مادەکانی ١٢٣، ١٢٧ و ٢١٨) هەڵدەستن بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەر جۆرە ئامرازێکی نایاسایی بۆ دەستخستنی دانپێدانان و مافی بێدەنگبوون فەراهەم دەکەن. ئامرازە نایاساییەکان بریتین لە مامەڵەی نەشیاو، هەڕەشە، هاندان، بەڵێن، پاڵەپەستۆی دەروونی یان بەکارهێنانی دەرمان و/یان جۆرەکانی تری ژەهراویکردن.

لە کۆی١٢٢ بەندکراو، ئەو بەندکراوانەی باسی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاویان دەکرد، ١٠٧یان ئاماژەیان بەوەکرد کە مامەڵەکە لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە بۆئەوەی فشاریان بخەنەسەر بە دانپێدانان (٨٧ لەسەدا). لە زۆر حاڵەتدا، باسیان لەوەکرد کە مامەڵە نەشیاوەکە لەدوای دانپێدانان دەوەستێت. بەندکراوان هەروەها بەردەوام باسیان لەوەکردووە کە لێکۆڵینەوەکان لەلایەن هێزەکانی ئاساییش، ئامانج لێیان هاندانی دانپێدانانەکان بووە. ووتەوەرگرتن لەگەڵ دادوەری لێکۆڵینەوە جەختدەخەنە سەر پشتڕاستکردنەوەی ووتەکان کە لەماوەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە لەلایەن هێزەکانی ئاساییشەوە.[65]

---

[62] بۆ زانیاری زیاتر سەیری 'یونامی، ڕاپۆرتی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ: ڕفاندن و ئەشکەنجە و برزبوونی بەزۆرەملێ لەماوی خۆپیشاندانەکان لە عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ نیسانی ٢٠٢٠ (ئابی ٢٠٢٠)' بکە.

[63] پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ١٤.

[64] مادە 15 لە ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، لێژنەی مافەکانی مرۆڤ ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 32-مادەی 14:مافی یەکسانی بەرامبەر دادگا و دەستە دادوەریەکان و دادگایی دادپەروەرانە (CCPR/C/GC/32)، para. 38.

[65] دەرەنجامەکانی چاودێری دادگاییکردن لەلایەن یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەوە دەردەخەن کە دانپێدانانەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە پرۆسەی دادگاییکردنەکە: سەیری ڕاپۆرتی یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە دادگاییکردن بکە، لاپەرە٨.

هەروەها، ٧٧ گیراو باسیان لەوەکرد کە داوایان لێکراوە بە واژۆکردنی یان پەنجەمۆرکردنی ووتەکان لەکاتی یان دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەبێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبووبێت ووتەکان بخوێننەوە یان ناوەرۆکی ووتەکانیان بۆ باسبکرێت.

| **چاوپێککەوتنی وورد بۆ لێکۆڵینەوە و زانیاری کۆکردنەوە** |
| --- |
| هاوڕاییەکی نێونەتەوەیی لەبرەوودایە کە میتۆدی دیزاینکراوی یاسایی یان چاوپێکەوتنی بەڵگەدار بەمەبەستی دەستخستنی زانیاری وورد و پشتڕاستکراوە، مەترسی پێوەرە نایاسایی و زۆرەملێ کەمدەکەنەوە و هەلدەستن بە باشترکردنی شەرعیەت و کوالێتی لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان.[66] |

## خ. سکاڵا و لێکۆڵینەوەکان بۆ تۆمەتی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو

> لەو کاتەی کە سکاڵام دژی پۆلیس کرد، شوێنی لێدان لەسەر جەستەم هەبوو، بەڵام زۆری پێچوو تاوەکو سکاڵایەکەیان " لەبەرچاوگرتم و برینەکان سارێژبوون". بەندکراو ژمارە ١٠٠

دۆکیومێنتکردن و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و حوکمدان و سزادانی دەستدرێژیکارانی کردەی ئەشکەنجە و جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو، دەستیان هەیە لە رێگریکردن لەم جۆرە کردانە و ئامانج لێی پێشگرتنە لە دووبارە روودانیان. لەبەرچاوگرتنی سکاڵاکان و میانیزمەکانی بە بەرپرسیاریکردن، هێزەکانی ئاسایش و ستافی بەندیخانەکان دەپارێزێت لە تۆمەتبارکردنی هەڵە و حورمەتی ئەو یەکانە دەپارێزێت.
یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ داوەدەکات کە تۆمەتەکانی حەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو بە ووردی و بێلایەنی و تۆکمەییەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە، تەنانەت لە حالەتی نەبوونی سکاڵایەکی فەرمی، وەهەروەها، ئەگەر بکرێت، حوکم بدرێت بەبێ ڕەچاوکردنی پێگە و پلەی ئەوانەی کردەکەیان ئەنجام داوە یان رێگەیان داوە یان فرمانیان بە کردەکە کردووە.[67] بەگوێرەی دەسەلاتی دادوەریی دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجە، "لێکۆڵینەوە دەبێت هەولبدات بە دیاریکردنی سروشت و بارودۆخەکانی تۆمەتەکانی ئەو کردانە و دەسنیشانکردنی ناسنامەی هەر یەکێک کە لەوانەیە تێوەگلابێت".[68]

بەگوێرەی یاسای (أصول محاکمات)ی عیراقی، پرۆسەی دادگاییکردن لەرێگەی پێشکەشکردنی سکاڵا دەستپێدەکات بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادوەری، پۆلیسی بەرپرس لە بنکەی پۆلیس، هەر ئەفسەرێکی تاوان یان داواکاری گشتی لەلایەن لایەنی زەرەرمەند یان هەر کەسێکی دیکە کە دەزانێت تاوانەکە روویداوە (مادەی ١). هەروەها داوا لە فەرمانبەرە حکومیەکان و کارمەندە تەندروستییەکان دەکات کە لەماوەی کاریان دەزانن یان گومانیان هەیە کە دەستدرێژیکردنێک ئەنجامدراوە، وەهەروەها هەر کەسێکی دیکە کە ئامادەیە لەوکاتەی کە تاوان ئەنجامدراوە، بۆ زانیاریدان بە دادوەری لێکۆڵینەوە، لێکۆلەری دادوەری یان داواکاری گشتی (مادەی ٤٨).

٥٣ کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە باسیان لەوە کردووە کە سکاڵایان کردووە لەسەر خراپی مامەلەکردن لەگەڵیاندا وە نیگەرانیەکانی خۆیان گەیاندۆتە دادوەرانی لێکۆڵینەوە، هەروەها ٤٧ کەسیان باسیان لەوەکردووە کە برین بەسەر جەستەیانەوە بووە دووای وەرگرتنی چارەسەر ( کە لەنێویاندا ٢٧ یان سکاڵایان تۆمار کردووە). تەنها لە ٤ کەیس لە عیراقی فیدرالدا گیراوەکان زانیویانە کە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانیان کراوەو ٣ کەسیش لە ئەنجامدەران پێپژاردنیان لەدژ کراوە،[69] بەڵام زۆربەیان (٤٨ کەیس لەکۆی ٥١ )ووتیان کە سکاڵاکانیان پشتگوی خراوە یان ئاگادار نەبوونە کە ئایا بەدوواداچوونی بۆ کراوە یان نا.[70]

46 کەس لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو ئاماژەیان بەوە کرد کە ترسیان هەیە لە تۆڵە لێکردنەوە لە نێویشیاندا گەڕاندنەوەیان بۆ هەمان دەزگا یان هەڕەشەکانی ئەفسەرانی ئاسایش، کە لە زۆربەی جارەکان هاوشانی راگیراوان دەچن بۆ دانیشتنەکان لە پێش دادوەری لێکۆڵینەوە -یان باوەڕان وایە کە سکاڵاکانیان بێ سوودە، یان رێگریکردن لێیان لە رووژاندن و باس کردنی سکاڵانیان لەپێش دادوەری لێکۆڵینەوە. سەرباری ئەمانەش، کەمینەیەک لە راگیراوان (17 لە کۆی 136 راگیراو)[71] باسیان لەوە کردووە کە لە توانیان دا

---

[66] سەیری A/HRC/RES/46/15، پەرەگرافی ٩؛ A/CONF.234/L.6، پەرەگرافی ٤٧.
[67] UNCAT ، مادەی ١٢ و ١٣.
[68] سەیری لیژنەی دژ بە ئەشکەنجە بکە، بلانکۆ ئاباد بەرانبەر ئیسپانیا، پەیوەندی ١٩٩٦/٥٩، ١٤ی مایسی ١٩٩٨، پرەگرافی ٨.٨
[69] کەیسەکان لە أیر لێکۆلینەوەدا بوونە ٢٢ کەیس لە هەرێم بووە
[70] دەرەنجامەکانی راپۆرتی یونامی/ کۆمیسیاری باڵا لەسەر چاودێری دادگایکردن ئەو رستیبە دەردەخەن کە دادوەران لێپێچینەوە ناکەن کەم دانپێدانانەی کە وەرگیراون
[71] سەیری یاسای چاکسازی بەندکراوان و راگیراوان بکە، مادە 45- ئەو ژمارەیە تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە وە زانیاری پەیوەندیداریان باس کردوە. وە پەیوەندی نیە بە سەردانەکانی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی. لە کۆی 17 حالەت تەنها یەک حالەت ئاماژەی بە شوێنی راگرتنی کردوە لە هەرێمی کوردستان

هەبوە دەستیان بگات بە میکانیزمەکانی پشکنینی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ یان داواکاری گشتی[72] یان لێژنە پەرلەمانیەکان لەکاتی راگرتنیان .

وە بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ شیکردنەوەکانی بکرێت، نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاری عیراق / وە کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان داوایان لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی و هەروەها ئەنجومەنی باڵای دادوەری و ئاسایشلە هەرێمی کوردستان کرد بۆئەوەی زانیاریان پێ بدەن سەبارەت بە ژمارەی بانگەشەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو لە دژی راگیراوان وە ئەنجامی هەر لێکۆڵینەوەیەکیش.

**دادگاکانی مافی مرۆڤ لە عێراقی فیدراڵ**

لە کانونی دووەمی ٢٠١٤، ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە بەغداد هەڵسا بە دامەزراندنی دادگەی لێکۆڵینەوەی مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە سکاڵاکانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن ئۆفیسی داواکاری گشتیی لەرێگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤەوە دەگات.[73]

لەو سۆنگەیەوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی ئەنجامدەدات بۆ تۆمەتی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ کە سەردانی قوربانیانی ئەشکەنجە دەگرێتەوە لە سەنتەرەکانی راگرتن. دواپی هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی کەیسی دۆکیومێنتەکان بۆ نوسینگەی داواکاری گشتی بەمەبەستی گرتنەبەری رێکاری یاسایی. پاشان هەڵدەستن بە ناردنی کەیسەکە بۆ دادگەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوەی دادوەریی. ئەگەرێتوو پێشێلکار دیاریبکرێت، کەیسەکە بۆ دادگەی دادگاییکردن رەوانەدەکرێت بەمەبەستی حوکمدان. لە ٢٠٢٠، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ رایانگەیاند کە ٩٦٠ سکاڵایان بەدەست گەیشتووە دەربارەی ئەشکەنجە، کە لەو ژمارەیەدا ٣٨٤ نێردراون بۆ نوسینگەی داواکاری گشتیی، ٥٥٥ لەژێر لێکۆڵینەوەدان و ٢١یان رەدکراونەتەوە لەبەرئەوەی مەرجەکانیان لەسەر جێبەجێنەبووە.[74]

هەرچەندە، بەگوێرەی زانیاری بەدەستگەیشتوو، دادگەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر تۆمەتەکانی ئەشکەنجە دەکەن کە لەلایەن بەندکراوە حوکمدراوەکان باسیان لێوەکراوە. لەماوەی پرۆسە بەردەوامەکان، هەمان دادوەری لێکۆڵەر کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەی کردوە بۆ تۆمەتی پێشێلکاری تاوانەکە بەرپرسە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان بۆ سکالای ئەشکەنجەدانەکان. ئەمەش قسەی زۆر هەڵدەگرێت دەربارەی بێلایەنیی دادوەرەکە.

ئەنجومەنی باڵای دادوەریی لە عێراقی فیدراڵ رایانگەیاند کە لە ٢٠٢٠، ئەوان ١٤٠٦ سکالایان بەدەست گەیشتوە دەربارەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو لە شوێنەکانی راگرتن کە لەلایەن دادگەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە لە ١٢ پارێزگای جیاوازەوە. لەوکاتەی بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری بەندکردنی پێنج سال و یەک مانگی بەسەرداسەپا لە اپرێزگای نەینەوا لەژێر رۆشنایی مادەی ٤١٠ی یاسای سزادانی عێراق (کارێک کە بوەهۆی مردن)، ١٨ لێکۆڵینەوە داخران و ئەوانی دیکەش لەژێر لیکۆلینەوەدان.[75]هیچ داتایەکی فەرمی فەرهەم نەکراوە لەلایەن دەسەلاتەکانی ترەوە لەکاتی بلاوکردنەوەی راپۆرتەکە.

---

[72] چاودێری کردن و پشکنینی شوێنەکانی راگرتن یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی نووسینگەی داواکاری گشتی لە عیراق، سەیری یاسای داواکاری گشتی ژمارە (49) ی ساڵی 2017، مادە 5 بکە.

[73] ووتەی ئەنجومەنی بالای دادوەریی ژامرە (A/Q/٥) لە ١١ی کانونی دوەمی ٢٠١٤، بەگوێرەی بەندەکانی مادەی (٥) لە یاسای لیژنەی بالای مافەکانی مرۆڤ ژمارە (٥٣)ی ٢٠٠٨.

[74] راپۆرتی دەستەی بالای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، لاپەرە ٦٧-٦٨. دەستەی بالا باس لەوە دەکات کە ٣٠ کەیس بەشیوەیەکی کاتی داخراون بە بریارێکی دادوەری بەهۆی نەبوونی بەلگە یان نادیاری پێشێلکار، یان بە شێوەیەکی هەمیشەیی داخراون بەهۆی نەبوونی ئاسەواری ئەشکەنجە بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکی.

[75] نامەکانی ئەنجومەنی بالای دادوەری لە بەغداد لە٧ی حوزەیران و ١١ی تەموزی ٢٠٢١. لە نامەیەکدا، لە رێککەوتی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٢١ (ژمارە ٢٩/مافەکان/٢٠٢١)، ئۆفیسی داواکاری گشتی لە عێراقی فیدرال باس لەوەدەکات کە ئەوان ٢١٩١ سکالایان دەربارەی ئەشکەنجە بەدەست گەیشتووە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراق. هەروەها باس لەوەش دەکەن کە ٥١ سکالا رەدکراونەتەوە و ١٨٤یان قەبول کراون، زۆربەی کەیسەکانیش لەژێر لێکۆلینەوەدان. هیچ زانیارییەک لەسەر دەرەنجامی ئەو سکالایانە نەخراوەتەروو. هەموو نامەکان لای ئۆفیسی مافی مرۆڤی یونامییە.

## 8. دەرەنجام

بانگەشەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاوی گیراوان لە سەنتەرەکانی ڕاگیران لە عێراق، لە سەرانسەری هەموو پارێزگەکان، زۆرن، لە

| |
|---|
| پێشێلکاران لە پێشهاتەکانی ئەشکەنجە ناترسن چونکە دەزانن کە ڕووبەڕووی سزادان نابنەوە لەلایەن سیستمەکەوە"، " چاوپێککەوتن لەگەل پارێزەر. |

هەردووکەیسەکانی تیرۆر و تاوانکارییەکان. پتر لە نیوەی ٢٣٥ ڕاگیراوکە لەلایەن یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ەوە چاوپێککەوتنیان لەگەل کراوە بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، زانیاری باوەڕپێکراو و پشتپێبەستوو دەربارەی ئەو کردەی ئەشکەنجانە و جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاویان خستۆتەبەردەست. دادوەرە عێراقییەکان، پارێزەران و کارمەندانی تەندروستیش پشتڕاستی بەربڵاوبی ئەو کردەی ئەشکەنجانە دەکەنەوە لەماوەی چاوپێککەوتنە نهێنییەکان. لەوکاتەی یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لەو پێگەیە نییە کە بڕیاری فەرمی بدات لەسەر ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو لە سەر کەیسی تاکەکان عێراق، کەچی فۆڕم و ڕەوتەکان هەر ڕوونن و لەبەرچاون.

هەروەها، دەرەنجامەکان نیگەرانیی جددی دەردەخەن کە لەرووی یاساییەوە پابەندی بنەما یاساییەکانی عێراق و نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێزیان ناگیرێت. ئامانجی سەرەکی ئەو بەندانە، سەرەڕای دڵنیابوونەو لە پرۆسە یاسایی و مەرجەکانی ڕاگرتن، بریتیین لە کەمکردنەوەی ئەشکەنجە و ڕوودنەدانی مامەڵەی نەشیاو. هەروەها، ئەو میکانیزمانەی تایبەتن بە وەرگرتنی سکاڵا دەربارەی ئەشکەنجە، پێناچن کاریگەر بن و مافگێڕەوە بن.

زۆربەی ئەو نیگەرانییانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەروو وەکو کاری لەپێشینە دەستنیشانکراون لەژێر پلانی مافەکانی مرۆڤی عێراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٥ کە جەخت ئەکەنەسەر قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و چاودێریکردنی سەنتەرەکانی ڕاگرتن؛ باس لە زۆربەکاربردنی سەنتەرەکان و ماوەی دووروردرێژی پێش دادگاییکردن و قەرەباڵغی دەکەن و هەروەها باس لە قەرەبوو دەکەن بۆ هەڵە دادوەرییەکان.[76]بۆیە ئەم ڕاپۆرتە هانی ئاگاداربوونی پتری حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات سەبارەت بەم پابەندییانە.

گوێڕایەڵ نەبوونی مەرج و پاراستنە یاساییەکان، نەوەک بەتەنها دەبێتەهۆی ئەستەمبوونی دادییەکی شەفاف و بێلایەن، بەڵکە دەبێتەهۆی ئەوەی کردەیەکی نەخوازراوی وەکو ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو بوونی هەبێت. کە ژوورەکانی لێکۆڵینەوە و سەنتەرەکانی ڕاگرتن دەکرێنە شوێنگەی شاراوە لە چاوی یاسا، بازنەی تەسلیمبوون و نکۆڵیکردن لە بەردەوامیدایە. جێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی کاریگەر دەبێتەمایەی بنیاتنانی متمانە لە سیستمی دادوەری و زیاتر لەوەش شەرعیەتی حکومەت دەردەخات.

## 9. ڕاسپاردەکان

بە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراقیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانیان بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو، بەگوێرەی پابەندییەکان بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەی دژ بە ئەشکەنجە، یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەم پێشنیارانە دەخاتەروو:

***چوارچێوە پرەنسیپییەکان***

- بە ئەولەویەتکردنی بەرجەستەکردنی یاسایەکی دژەتیرۆری تۆکمە و پلانێکی نیشتمانی کە پێویستە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی پەیماننامەی دژە ئەشکەنجە.

[76] ئەم ڕاپۆرتە باس لە قەرەبووی کەیسەکانی ئەشکەنجە و پێشێلکاری ناکات بەلام یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لەسەر گرنگی ئەم بابەتە دەکاتەوە.

- دامەزراندنی پلانێکی یارمەتیدەری یاسایی کاریگەر و تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و داراییە پێویستیەکان بۆی.
- چاوخشانەوە و دانانی ئەو یاسایانەی کە دڵنیایی دەدەن بەوەی دۆخەکانی زیندان تەبان لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو سەنتەرەکانی راگرتن.
- پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی پەیماننامەی دژە ئەشکەنجە و مامەڵە دڵرەق و نامرۆیی و سوکسەرنجدانەکان.

### ***گونجان و گوێڕایەڵبوون***

- دڵنیابونەوە لەوەی کە دەستگیرکردن تەنها لایەنی دەسەڵاتدار بەگوێرەی یاسا و پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی عیراق سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامی دەدات
- زانیاری شەفاف دابینبکرێت دەربارەی یەکەکانی ئاساییش لەگەڵ لایەنی بەرپرس لە دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردن، کە چۆنیەتی گرتن و دەستگیرکردن و سەنتەرەکانی ڕاگرتن فەرمی بێت.
- گرتنەبەری هەنگاوی پراکتیکی بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی:
- گومانلێکراو و تۆمەتبارەکان بتوانن دەستیان بگات بە پارێزەران لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، بە شوێنەکانی ڕاگرتنیشەوە.
- هەموو دەستگیرکراوەکان دەتوانن پەیوەندی بەو کەسە بکەن کە هەڵی دەبژێرن بۆئەوەی گیراو پێی بڵێت کە دۆخی چۆنە لە زیندان وباسی شوێنی مانەوە و کارئاسانیی بۆ سەردانی خێزانی بکات.
- پشکنینی تەواو لەلایەن کارمەندێکی تەندروستی دەستەبەربێت لەکاتی گەیشتنی بە شوێنی گرتنەکە لەهەریەک لە شوێنەکانی گیران دوای تۆمارکردنی گیراوەکە و ئەنجامی هەموو پشکنینەکانیش تۆماربکرێت و بخرێتەبەردەستی گیراوەکە.
- ماوەی دیاریکراوی گیرانی پێش دادگاییکردن و پرۆسەی دادوەریی ڕێزیان لێبگیرێت.
- بانگەشەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و وورد و بێلایەن لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکرێت لەلایەن دەسەڵاتەکانی دادوەری و سەنتەرەکانی ڕاگرتن، هەروەها بوونی گومان بۆ ئەم جۆرە کردەیەش بەدواداچوونی بۆ بکرێت (بەبێ سکاڵای فەرمی).
- ڕێگەدان بە سەردانیکردنە چاوەڕوانکراوەکان بۆ شوێنەکانی ڕاگرتن لەلایەن یەکە بێلایەنەکانی چاودێریکردن تەنانەت بۆ هەموو شوێنەکانی ڕاگرتن و هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی تایبەت و نهێنی لەگەڵ گیراوان.
- بڵاوکردنەوەی ئامار سەبارەت بە ژمارەی سکاڵاکان و لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر تۆمەتباری کەیسەکانی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو و ئەنجامی ئەم بەدواداچونە دادوەرییە.

### ***چاوخشاندنەوە بە یاسا وکردەکانی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی بەندکردن***

- دامەزراندنی سیستمێکی ستاندەرد و سێنتراڵ و دەستپێگەیشتوو بۆ هەموو شوێنەکانی گرتن و دڵنیابوونەوە لەوەی مافی نهێنیی تاکەکان پارێزراوە.
- بەکاربردنی تەکنیکە یاساییەکانی چاوپێکەوتن و پێوەرەکانی تر کە پشتدەبەستن بە دانپێدانان و بڵاوکردنەوەیان لەنێو بەرپرسەکانی لێکۆڵینەوە.
- هەنگاونان بۆ کەمکردنەوەی ماوەی بەندکردنی پێش دادگاییکردن بەگوێرەی ئامانجی بەرەپێشچوونی بەردەوام ١٦، بە دیاریکردنی بۆچوونی بڕیاری تاکەکان دەربارەی دەستبەسەرکردنی پێش دادگاییکردن و دڵنیابوونەوە لەوەی بەکاربردنی لۆژیکییە و پێویستە بە پشتبەستن بە بەڵگەی بەهێز بۆ ئەم مەبەستانە بۆ قەدەغەکردنی دووبارە ڕوودانی ئەو تاوانە. دەستبەسەرکردنی پێش دادگاییکردن بۆ منداڵان دەبێت پێوەرێک بێت بۆ دواشوێن و لەکورتترین ماوەش خۆی ببینێتەوە.
- بەروونی پرۆسەی سکالاکردنەکە دیاریبکرێت – بەنهێنی، سەلامەت و دەستپێگەیشتوو بێت بۆ هەموو گیراوان بە منداڵانیشەوە – بەمەرجێک لەسەر ئاستێکی فراوانیش ئاشکرا و زانراو بێت وە زەمانی ئەوەش بکات کە تووشی تۆڵە لێکردنەوە نەبێت لە کاتێکدا کە بەکاری هێنا.

- داواکردنی بڵاوکردنەوەی بەربڵاوی زانیاری دەربارەی پێوەرەکانی پاراستن و میکانیزمەکان، بۆئەوەی هەرکاتێک یەکێک هەستی بە مەترسی بوونی ئەشکەنجە یان مامەڵەی نەشیاو کرد، بتوانێت داوای پاراستن بکات.

**ڕاهێنان**

- بەهێزکردنی ڕاهێنانی هەر کەسێک کە بەشدارە لە گرتن و لێکۆڵینەوە و مامەڵەی تاکەکان بۆمەبەستی بنەبڕکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو وە پێداویستی یاسایی پەیوەندیدار ، بەگرتنەخۆی ڕێکارەکانی پاراستن بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو.

## هاوپێچی 1- وەڵامی حکومەتی عیراق لەسەر ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ[77]

MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS
HUMAN RIGHTS DEPARTMENT

وزارة الخـــــارجيـــــة
دائـرة حقـــوق الانســـان

REPUBLIC OF IRAQ
جمهورية العراق

العــدد: 12/هـ/4/794
التاريخ: 29 / 2021/07

تهدي وزارة خارجية جمهورية العراق/ دائرة حقوق الإنسان أطيب تحياتها إلى بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان في بغداد، وتتشرف بطلب إلحاق ملاحظات وزارة العدل بتقرير مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان، المعنون **"حقوق الإنسان في تطبيق العدالة في العراق: الشروط القانونية والضمانات الإجرائية لمنع التعذيب"**، المقرر إصداره في 3 آب 2021.

تغدو الوزارة ممتنة لو تفضلت البعثة الموقرة بإلحاق ملاحظات وزارة العدل بالتقرير المشار إليه أعلاه.

**تغتنم الوزارة هذه المناسبة لتعرب لبعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان في بغداد عن فائق تقديرها وأحترامها.**

**المرافقات:**

- ملاحظات

**بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان في بغداد**

hrdep@mofa.gov.iq    www.mofa.gov.iq    +(964) 537 299 1-9/ ext: 2076 | 2549

[77] نامەیەکی فەرمی گەیشتە دەست نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان 29 ی تەمووزی 2021(سەرچاوە: 12/هـ/4/794)

## رد وزارة العدل على تقرير الأمم المتحدة المعنون "حقوق الإنسان في تطبيق العدالة في العراق: الشروط القانونية والضمانات الاجرائية الإجرائية لمنع التعذيب

1. يوجد مشروع قانون وطني حول مناهضة التعذيب وهو حالياً معروض أمام مجلس الدولة، وقد تضمن خاصية التبليغ والاخبار والشكوى في جرائم التعذيب لضمان وصول الضحايا وذويهم للقضاء ومنع الافلات من العقاب، واجراءات الفحص الطبي لادعاءات التعذيب والعقوبات التي تفرض على مرتكبي تلك الجرائم والظروف المخففة والمشددة فيها ومنع التذرع بالظروف الاستثنائية لارتكاب الجريمة، كما تضمن المشروع نصوصا بشأن مسؤولية الرؤساء والآمرين، ومنع مشاركة المتهمين بهذه الجرائم في التحقيقات، وأن يتولى قاضي التحقيق أو المحقق القضائي التحقيق في جميع الجرائم، ومنع المحاكم العسكرية ومحاكم قوى الأمن الداخلي من نظر الدعاوي الخاصة بالتعذيب، كما تضمن تطبيق قواعد الاختصاص العالمي لمنع الافلات من العقاب، والإشارة ايضا الى التقادم وبناء القدرات وضمانات المحاكمة العادلة.
2. لا يكون لموظفي السلطة التنفيذية أي دور أو رأي في سير الإجراءات التحقيقية التي تنحصر بيد السلطة القضائية.

- تتضمن دائرة الاصلاح اقساما اصلاحية لايواء النزلاء حسب الفئة العمرية ويتم التنسيق مع مجلس القضاء الأعلى لغرض اكمال الاوراق التحقيقية، مع السماح بتوكيل محامين لمتابعة القضايا.
- تأهيل النزلاء في دورات تأهيلية وورش خاصة.
- تقوم دائرة الاصلاح بإستلام الموقوفات على مدار الساعة لتفادي البقاء اكثر من 24 ساعة بموجب كتاب رسمي حسب قاضي التحقيق ويتم معاينة الاضبارة (أمر العقوبة التعريفية وفحص المعهد الطبي العدلي لبيان وجود آثار شديدة خارجية أو تعذيب أو حمل)، واجراء تعهد يتضمن توقيع وبصمة ابهام على المعلومات في حال وجود آثار شديدة خارجية أو تعذيب.

1

- عند الايداع يتم فتح اضبارة بحثية خاصة بالنزيل مع بطاقة فورمة، ويتم ذكر مدة الحكم ومفاتحة جهة الاعتقال والتسجيل الجنائي لغرض تثبيت كافة المعلومات لحين اكمال المدة واطلاق السراح (بالافراج او التخلية) ويتم وضع برنامج تأهيلي وتدريبي وتقديم كافة وسائل الدعم القانوني.
- عند اكمال المدة وفي حال عدم وجود مطلوبية يتم اطلاق السراح من القسم دون الرجوع الى جهات الاعتقال.
- تأمين أماكن الاحتجاز ضمن الرقعة الجغرافية قدر المستطاع لتسهيل عملية الاتصال والتواصل.
- السماح لهم بالاتصال الخارجي من خلال المقابلات الرسمية لمرتين في الشهر على الاقل ما خلا أزمة وباء كورونا وذلك حرصا على سلامة النزلاء، كما ان توجيهات السيد وزير العدل تؤكد ضرورة الزيارات فضلا عن الاتصال الهاتفي (الاتصال والتواصل).
- تقديم الرعاية الصحية وتتضمن اجراءات الفحص بالتنسيق مع المركز الطبي المتواجد في السجن مع فتح اضبارة صحية (الملف الطبي) تتضمن كافة المعلومات الطبية وتأمين العلاجات المناسبة، وتقوم وزارة الصحة بتأمين كافة الاجهزة والمستلزمات الطبية مع الكادر المتخصص وتقوم وزارة العدل صرف مخصصات الخطورة لهم قيمتها 450 الف دينار مع وجود تنسيق مع وزارة الصحة بتأمين بعض المستلزمات الطبية بجهود ذاتية.
- اجراء عمليات تفتيش وتدقيق للردهات بإسلوب يحفظ الحق والكرامة وبموجب القانون.
- الحرص على وجود صندوق الشكاوى في كافة الاقسام السجنية حال التعرض لأية مخالفة وصندوق شكاوى لذوي النزيل اثناء المواجهات الرسمية.
- التنسيق والتعاون مع الجهات والمؤسسات لايواء النزيلات اللاتي لا يوجد لهن معين او أسرة او الخوف عليهن من القتل او حمايتهن من العود الى الجريمة.

3- تعرض بعض الاقسام السجنية الى التخريب من قبل عصابات داعش الارهابية خاصة سجني بادوش المركزي (تدمير كامل للبنية التحتية) وأبي غريب.

4- اجتمع السيد رئيس مجلس الوزراء مع السيد وزير العدل ومسؤولين آخرين يوم 18 تموز 2021، لغرض تسريع اجراءات العفو الخاص، وبحث الاجتماع الاوضاع الحالية للسجون وآلية تطويرها وتأهيلها وجعلها أماكن للاصلاح والتأهيل النفسي وتفعيل البرامج التأهيلية والارشادية.

5- حاجة موظفي انفاذ القانون والقضاء الى الدعم في مجال بناء القدرات وتطوير الامكانات.
6- تشكيل لجنة في مجلس القضاء الاعلى من كبار القضاة تقع على عاتقهم مراجعة التشريعات القانونية بما ينسجم والمعايير الدولية لحقوق الانسان، كما شكلت لجنة لتعديل قانون العقوبات في رئاسة الجمهورية.
7- هناك زيارات مستمرة من قبل السيد وزير العدل لمتابعة اوضاع النزلاء واعادة التأهيل وآلية التعامل معهم ومتابعة البنى التحتية للسجون بغية إعادة تأهيلها كما حصل في سجن البلديات وسجن بابل المركزي والعمل جار على قدم وساق فيما يتعلق بسجن أبي غريب الذي يعد من أكبر السجون الذي تعرض الى عمل ارهابي من قبل عصابات داعش الارهابية واستشهد على اثرها موظفون وحراس اصلاحيون وتهريب المئات من الارهابيين.
8- تشكيل لجان قطاعية في وزارة العدل تتعلق بالانتهاكات والتحقق من الادعاءات وتقديم التقارير بشأنها وعرضها امام انظار السيد الوزير.
9- تناول التقرير حالات سوء المعاملة في سجن الناصرية المركزي بشأن 20 نزيلا من اصل 12000 نزيلا مما لا يمكن اعتباره صورة عامة عن السجن، ولا يمنع ذلك من اتخاذ الاجراءات بحق كل من تثبت ضده هذه المخالفات.
10- فيما يتعلق بحالات الوفيات في السجون فان الوزارة تعكف على متابعة الموضوع وتم الايعاز الى اقسام دائرة الاصلاح باجراء التحقيقات الإدارية بشانها لمعرفة اسباب الوفيات ومحاسبة المقصرين في حال وجودها.
11- وفقا للمادة (46) سادسا من قانون اصلاح النزلاء والمودعين رقم 14 لسنة 2018، فان التقرير يتعارض مع مهام اليونامي في العراق بموجب تصريح الزيارة والتفتيش ولايمكنها التصريح بالمعلومات والشكاوى.
12- الموضوعات التي تضمنتها فقرات التقرير تحتاج الى وقت للتحقق من صحتها ومتابعتها لعدم التأكد من ثبوت المزاعم لغاية الآن ومن ثم سيكون التقرير معبرا عن وجهة نظر احادية.

## هاوپێچی 2- وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ[78]

بەیاننامەی نوسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (OCIA)

حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێ دەگرێ لە ئەنجامەکانی راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ وە نیگەرانیشە لە کرداری ئەشکەنجەی نەخوازراو .

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ راپۆرتێکیان دەرکردن سەبارەت بە بارودۆخی ئەشکەنجە لە هەرێمی کوردستان. کۆمێنتی سەرەتایی نوسینگەی راسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (OCIA) هاوپێچ کراوە لەگەڵ راپۆرتەکە. نوسینگەی راسپاردە نێودەوڵەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (OCIA) تێگەیشتنیکیان هەیە لەگەڵ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە پێشکەش کردنی کۆمێنتی کۆتایی لە رۆژانی داهاتوو، بەهۆی ئەو ماوە کورتەی کە لایەنی دووەم داینابوو .

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک سیاسات و یاسای تۆکمەی دەرکردوە بۆ پاراستنی شکۆمەندی و ئازادیە تاکەکەسیەکان. وە چوارچێوەی یاسایی کارپیکراو بەهێز دەکرێت لە رێگای پرۆسەی سیاساتی گونجاو، و جێبەجێ کردنی دادپەروەرانە، و چاودێری بەردەوام و پاڵپشتی کردن لەلایەن هاوکارە نێودەوڵەتیەکانەوە .

ئەشکەنجە کردارێکی ترسناکە، وە نامۆیە لەسەر پرنسیپە نێودەوڵەتیەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومیان پێ دەکات. حکومەتێکی هەرێمی کوردستان هەمووهەوڵێکی داوە بۆ لەبەرخۆ گرتنی سیاساتی چاکسازی لە شوێنەکانی بەندکردن و راگرتن، سەرەڕای ئەمەش، مافی داکۆکردنی یاسایی و پەیوەندی خێزانی دەستەبەرە بۆ بەندکراوان .

لەوەتەی ڤایرۆسی کۆڤید -19 سەری هەڵداوە سەردانی کردنی شوێنەکانی راگرتن و چاکسازیەکان سنورداركراون بەشێوەیەکی زۆر، ئەوەش وای کردوە کە رێکارە بیرۆکراسیەکانی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ سەردانی کردن ئاڵۆزتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کۆت و بەندیەک نەبوە لەپێش داوایەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بۆ سەردانی کردنی شوێنەکانی راگرتن لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2020 ەوە، کە تووش بوون بە کۆڤید-19 هەندێ کەمی کردبوو. زێدەباری ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی هەمئاهەنگیە لەگەڵ هاوتا نێودەوڵەتیەکانی کە ناویان هاتوە پێشووتر بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر وە پابەندی خۆشی دووپات دەکاتەوە بە سەپاندنی هەر رێکارێک بۆ لێنەبووردن بەهیچ شێوەیەک لە ئەشکەنجە لە هەموو هەرێمی کوردستان .

حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لە ماندەیتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە نهێنی. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پێناو فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاریکردن وە هەوڵی زیاتری بەرهەمدار، داوا دەکەین لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وردەکاری زیاتر پێشکەش بکەن وە ئەو ناوچانەش دیاری بکەن بە ووردی کە ئەشکەنجەی تیا تێبینی کراوە بەپێ ی دەرهاوێشتەکانیان. ئەمەش یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری دەدات کە بانگەشەکان دیاری بکرێن و رێکاری سزادانی پێویست دەربکرێت لە دژی ئەنجام دەرانی .

حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لە پرنسیپەکانی دیموکراسی دەکاتەوە وە نمونەی پتەوکردنی بنەماکانی حوکمی باشی پێشکەش کردوە. رێکارە یاساییەکان تەنها پشت دەبەستن بە یاسا کراپێکراوەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی تۆکمەی هەیە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ وە هیواخوازین کە بە هەمئاهەنگی لەگەڵ یەکتر چاکسازیە پێویستەکان ئەنجام بدەین .

[78] ئەوە وەرگێرانێکی نافەرمیە، بۆ وەرگرتنی وەڵامی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ کە ( وەرگیراوە لە 1 ی ئابی 2021) تکایە سەیری کۆپیە ئینگلیزیەکەی راپۆرتەکە بکەن.

## نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان

### کورتە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە کە پاباند بێت بە مەرجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەستەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە. ئەمەش سیاسەتێکی جێگیری حکومەت بووە.

مادەی ٣٧(١) لە دەستوری عیراق بەم شێوەیە باس لە ئازادیدا دەکات: آ) دەبێت ئازادی و شکۆمەندی مرۆڤ پارێزراو بێت: ب)نابێت هیچ کەسێك دەستگیر بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت تەنها بە پێی بڕیاری دادگا نەبێت: ج) هەموو جۆرێك لە سزادانی جەستەیی و دەرونی ومامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغەیە و هەر دانپدانانێك بە زۆر یان هەڕەشە یان سزادان بێت هێچ بایەخێکی یاسایی نییە. زیانلێکەوتوو مافی ئەوەی هەیە بەپێی یاسا داوای قەرەبوو بکات لەو زیانە مادی و مەعنەویانەی کە لێی کەوتووە بەپێی یاسای ژمارە (٢٠). لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتەکان بەکارهێنانی ئەشکەنجەیان قەدەغە کردووەو هەروەها پابەندیشن بە لێکۆڵینەوە لە هەموو بانگێشەکانی مامەڵەی نەشیاوو پێشیلکاریەکان لەنێو گرتوخانەکانی هەرێمدا. بەپێی یاسای ژمارە (٧) مادەی (١ و ٢٧و٢٨) وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێگەدەدات بە سزادانی تەئدیبی تەنها بە مەبەستی جاکسازی گرتوەکان ئەوانەی کە پابەند نابن بە ڕێساکانی ناو گرتوخانەکان.

ئەشکەنجەدانی ڕاگیراوان و وەرگرتنی دانپێدانان بە زۆرەملی بەتەواوی قەدەغەکراوە. هەر کارێکی ئەشکەنجەدان لەدژی بەندکراوان و ڕاگیراوان یان ئەنجامدانی کاری نا مرۆیی لە دژیان بەپێی مادەی ٣٣٣ لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکرودا بە تاوان هەژمار دەکرێت. بەپێی ئەم یاسایەش هەر ڕاگیراوێك لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجە بدرێت مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆماربکات لە دژی ئانجامدەرانی ئەشکەنجەکە. هەر ڕاگیراوێك دەتوانێت لەڕێگەی کارگێڕیی گرتوخانە یان داواکاری گشتیەوە یان کەسوکارەکەی لەکاتی سەردانیکردندنا یان سەردانی ڕیکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ سکاڵاکەی خۆی بەرزبکاتەوە. هەر دانپدانانێك بە زۆر یان هەڕەشە یان سزادان بێت هێچ بایەخێکی یاسایی نییە و یاسا بکەرانی سزا دەدات. هەر کەسێك کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دووچاری ئەشکەنجە بووبێتەوە مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆمار بکات لەدژی ئەو کەسەی کە ئەشکەنجەی داوە.

لێکۆڵەرێکی دادی لەگەڵ ئەندامێکی نوسینگەی داواکاری گشتی نوسینگەیەکیان پێدراوە لەناو باڵەخانەی ئاسایشی گشتی بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری ئەو کەیسانە بکەن کە ئەشکەنجەیان تێدا ئەنجامدراوە. ئەم کارە بەتەواوی قەدەغەکراوەو هیچ کەیسێکیش تۆمار نەکراوە. بەپێی مادەی ٣٣٣ لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ و مادەی ٩ (٣) لە دەستوری عیراق، هەموو ڕاگیراوێك مافی ئەوەی هەیە کە سکاڵا تۆمار بکات و دوواتر کەیسەکە بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ٢٠٢٠ هیچ سکاڵایەکی لەم شێوەیە نەبووە.

لەگەڵ ئەوەی کە بانگێشەکانی ئەشکەنجە مایەی گرنگی پێدانە، ئەوانەی کە لەڕۆرتەکەی یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤدا ئاماژەیان پێکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی دەکات لە هەر هەوڵێکی برەودان کە لەلایەن هاوبەشەکانیەوە پێشکەش بکرێت.

لە ئاسایشدا، کەسی ڕاگیراو دەتوانێت بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر یان تا تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان و گوێگرتن لەلایەن دادوەرەوە بمێنێتەوە. بەڵام کاتێك کە کەیسەکە پێویست بکات بەڵگەی زیاتری بۆ کۆبکرێتەوە، ئەوا بە فەرمانی دادوەر ماوەکە درێژ دەکرێتەوە. بەپێی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩دووای دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لە دادگاوە، تۆمەتبار لەلایەن دادگاوە دەستبەسەر دەکرێت و هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەپێی یاسای ( اصول محاكمات جزائیە) عیراقی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ دەبێت.

دۆخی نێو سەنتەرەکانی ڕاگرتن لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانەوە چاودێری دەکرێت، لە نێویشیاندا کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/یونامی کە لەهەمان کاتدا نوێنەرایەتی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات.

گەر هاتوو تۆمەتبار دووچاری ئەشکەنجە ببێتەوە لەلایەن ئەفسەرانی پۆلیسەوە، ئەوا پێویست دەکات لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕیپۆرت بکرێت وە دەبێت ووتەی لەلایەن لیکۆڵەری دادی و دادوەری لێکۆڵینەوە لێ وەربگیریت ( لەبەر ئەوەی دووای

دانپێدانانی تۆمەتبار لەلایەن لیکۆڵەری دادی پرسیاری لێدەکرێت کە ئایا لەژێر فشار دانپێدانانی پێکراوە یان نا) هەروەها لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەشدا هەمان پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت.
هەر ڕاگیراوێك دەتوانێت لەرێگەی کارگێڕیی گرتوخانە یان داواکاری گشتیەوە یان کەسوکارەکەی لەکاتی سەردانیکردندا یان سەردانی ریکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ سکاڵاکەی خۆی بەرزبکاتەوە. ڕێکاری یاساییش لەدژی هەر کارمەندێکی پۆلیس یان ئەمنی کە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی ئەشکەنجەدانی ڕاگیراوان دەگیرێتەبەر ئەگەر هاتوو سەلمێندرا کە ئەم کارەی ئەنجامداوەو ڕاگیراوەکە دووچاری ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو بۆتەوە.
هەموو سەنتەرەکانی چاکسازی لەژێر چاودێری لێژنەی پەرلەمانی و داواکاری گشتی و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و دەستەی مافی گشتی لە وەزارەتی داد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و تیمە تایبەتەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دان. ڕاپۆرتەکانی ئەم لایەنانەش لەلایەن ئێمەوە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، هەروەها ڕێگە بە ریکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتەکانی مافەکانی مرۆڤ دەدرێت کە بەبێ هیچ ئاستەنگێك سەردانی چاکسازیەکان بکەن، بەتایبەتیش کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی.
تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیش، ئەوا نۆڕینگەیەکی تەندروستی و ستافی تەندروستی بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە چاکسازیەکاندا کاردەکەن، هەروەها تاقیگەو داودەرمانیش هەیە. هەموو پشکنینێکی پزیشکی بۆ ڕاگیراوان ئەنجامدەرێت لەکاتی هاتنیان بۆ سەنتەراکانی ڕاگرتن بەتایبەتیش پشکنینی نەخۆشییە گوازراوەکانی وەك ( هەوکردنی جگەر و ئایدز و سل) هەروەها نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك ( شەکرەو پاڵەپەستۆی خوێن) هەرکەسەو فایلێکی تایبەتی تەندروستی بۆ دەکرێتەوە.
هەر تۆمەتبارێك پێش ئەوەی بچێتە ناو سەنتەرەکانی ڕاگرتن و لەگەڵ ئەوانی تردا تێکەڵ بێت هەموو زانیارییەکان دەربارەی تەندروستی تۆمار دەکرێت و پشکنینی تایبەتیشی بۆ دەکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ نەخۆشییەکی گوزراوەی نەبێت.
هیچ کەیسێکی مردن بە هۆکاری ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاوەوە تائێستا تۆمار نەکراوە.
لە هەرێمی کوردستاندا بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرێت لە لەخوار ١٨ ساڵیدان و بە کاری تیرۆریستیەوە تێوەگلاون یان پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا کە کەسانێکن ( قوربانی داستی تیرۆرن) نەك ئەندامی ڕێکخراوی داعش. هێزە ئەمنیەکان پابەندن بە پێدانی زانیاری بە کەسوکاری گیراوەکان بەپێی یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠١ کە لە پەرلەمانی هەرێم دەرچووە.
هەموو ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەکانەوە دەستگیر دەکرێن لە سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەمێننەوەو ناخرێنە نێو سەنتەرەکانی ڕاگرتنی سەر بە ئاسایش.

## ڕاگیراوانی خاوەن پێداویستی تایبەت

لە سەنتەرەکانی چاکسازیدا ژمەرەیەك ڕاگیراوی خاوەن پێداویستی تایبەت هەن کە ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوەیان پێشکەش دەکرێت:

1. جلوبەرگ
2. خزمەتگوزاری پاکوخاوێنی
3. ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و چارەسەرکردنیان ئەگەر پێویست بێت
4. دابینکردنی ژووری تایبەت بۆیان
5. ششتنی جلوبەرگ
6. سەرتاشین و ڕیشتاشین
7. پەیوەندی لەگەڵ کەسوکارەکانیان
8. پەرتوکخانە
9. دابینکردنی ئاودەستی تایبەت
10. دابینکردنی هەموو پێدایستیەکانیان

## هاوپێچی -٣- وەڵامی زیاتر لەلایەن حکومەتی عیراق لەسەر راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ[79]

وزارة الخارجية
دائرة حقوق الانسان

MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS
HUMAN RIGHTS DEPARTMENT

REPUBLIC OF IRAQ

العدد : 12/هـ/4/887
التاريخ: 18/08/2021

تهدي وزارة خارجية جمهورية العراق/ دائرة حقوق الانسان اطيب تحياتها الى بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد، وإلحاقاً بمذكرتها ذات العدد 12/ هـ/ 4/ 794 في 2021/07/29، تتشرف إعلامها ملاحظات مجلس القضاء الاعلى ووزارة الداخلية بشأن تقرير مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان، المعنون **"حقوق الانسان في تطبيق العدالة في العراق: الشروط القانونية والضمانات الاجرائية لمنع التعذيب".**

تغدو وزارة خارجية جمهورية العراق ممتنة لو تفضلت البعثة الموقرة بإلحاق ملاحظات مجلس القضاء الاعلى ووزارة الداخلية بالتقرير المشار اعلاه .

**تغتنم وزارة خارجية جمهورية العراق هذه المناسبة لتعرب لبعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد عن فائق تقديرها واحترامها .**

**المرافقات:**
- ملاحظات

**بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد**

**السفير**
**د. فلاح عبد الحسن الساعدي**
**رئيس دائرة حقوق الانسان**
**2021/08/18**

**نسخة منه الى:**
- مكتب السيد الوكيل للعلاقات متعددة الاطراف والشؤون القانونية/ إشارة الى هامش السيد الوكيل لشؤون التخطيط السياسي بتاريخ 2021/07/28 على اصل مطالعتنا ذات العدد 789 في 2021/07/28، يرجى التفضل بالاطلاع .. مع التقدير .
- مجلس القضاء الاعلى/ مكتب رئيس المجلس، إشارة الى كتابكم (عاجل) ذي العدد 700/ مكتب/ 2021 في 2021/08/11، للتفضل بالاطلاع .. مع التقدير .
- وزارة الداخلية/ مكتب الوزير/ إشارة الى كتابكم ذي العدد 4671 في 2021/08/4، للتفضل بالاطلاع .. مع التقدير .
- الممثلية الدائمة لجمهورية العراق/ نيويورك/ إلحاقاً بكتابنا المشار اليه اعلاه، للتفضل بالاطلاع .. مع التقدير.
- الممثلية الدائمة لجمهورية العراق لدى مكتب الامم المتحدة/ جنيف/ إلحاقاً بكتابنا المشار اليه اعلاه، للتفضل بالاطلاع .. مع التقدير.

**ميس عادل عبدالله**

www.mofa.gov.iq
1

hrdep@mofa.gov.iq
+(964) 537 299 1-9/ ext: 2076 | 2549

[79] دۆکۆمێنتێکی فەرمی کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ وەرگیراوە دووای پڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە لە ١٨ ی ئاب ٢٠٢١

MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS
HUMAN RIGHTS DEPARTMENT

وزارة الخـــــارجيــــة
دائـرة حقـــوق الانســـان

العدد : 12/هـ/4/
التاريخ: /08 /2021

تهدي وزارة خارجية جمهورية العراق/ دائرة حقوق الانسان اطيب تحياتها الى بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد، وإلحاقاً بمذكرتها ذات العدد 12/ هـ/ 4/ 794 في 2021/07/29، تتشرف إعلامها ملاحظات مجلس القضاء الاعلى ووزارة الداخلية بشأن تقرير مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان، المعنون "**حقوق الانسان في تطبيق العدالة في العراق: الشروط القانونية والضمانات الاجرائية لمنع التعذيب**".

تغدو وزارة خارجية جمهورية العراق ممتنة لو تفضلت البعثة الموقرة بإلحاق ملاحظات مجلس القضاء الاعلى ووزارة الداخلية بالتقرير المشار اعلاه .

**تغتنم وزارة خارجية جمهورية العراق هذه المناسبة لتعرب لبعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد عن فائق تقديرها واحترامها .**

**المرافقات:**
- ملاحظات

**بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (UNAMI)/ مكتب مفوضية الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان في بغداد**


hrdep@mofa.gov.iq
+(964) 537 299 1-9/ ext: 2076 | 2549

**ملاحظات مجلس القضاء الاعلى**

1- إن مجلس القضاء الاعلى يحرص على توفر الضمانات القانونية للمتهمين اثناء فترة التحقيق والمحاكمة وكذلك مراقبة اماكن التوقيف والايداع علماً ان التحقيق الابتدائي حسب القانون العراقي تقوم به جهات تحقيقية اخرى من غير المحققين القضائيين التابعين لمجلس القضاء الاعلى تتمثل بمحققي وزارة الداخلية وبقية الاجهزة الامنية من الضباط ممن منحوا سلطة محقق، فاذا حصلت خلال التحقيقات الجارية انتهاكات لحقوق الانسان بتعرض المتهمين للتعذيب، فان القضاء بالمرصاد لهذه الحالات من خلال اتخاذ الاجراءات القانونية بحق ضباط الشرطة وبقية الاجهزة التحقيقية عما يصدر منهم من افعال تعذيب بحق المتهمين تصل العقوبات بموجبها الى السجن، اما الادعاء بتعرض المتهمين للتعذيب دون دليل مادي ظاهري ملموس يفقد الادعاء مصداقيته ذلك ان القاضي يعمل بالدليل المادي في اتخاذ الاجراءات القانونية واصدار الحكم .

2- ان الادعاء بان السادة قضاة التحقيق يتولون تصديق اقوال المتهمين المدونة من قبل الجهات التحقيقية الامنية وخصوصاً بالاعتراف دون ان يباشروا بانفسهم اجراء التحقيق والمناقشة هو ادعاء غير صحيح ويكذبه واقع الحال وبامكان الجهة المدعية زيارة المحكمة للاطلاع على ذلك، لاسيما وان هناك جهات رقابية تتولى الاشراف على العملية التحقيقية منها المدعي العام الذي يراقب اعمال التحقيق والاشراف القضائي عن طريق الزيارات الميدانية المفاجئة لمحاكم التحقيق والاطلاع على كيفية تدوين الاقوال وتتم مسائلة القضاة انضباطياً ان خالفوا ذلك .

3- يلاحظ ان نص المادة (19 الفقرة رابعاً) من الدستور العراقي لعام 2005 اكدت على ان حق الدفاع مقدس ومكفول في جميع مراحل التحقيق والمحاكمة ويفهم من هذا النص ان من حق المتهم اختيار وسائل الدفاع ومنها توكيل محامي مع بدايات التحقيق وعلى قاضي التحقيق والمحقق تمكين المتهم من استعمال هذا الحق بدون تاخير، للاطلاع على الدعوى في وقت مناسب كما ان قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 المعدل يعد الاساس الذي تسير عليه جميع الاجراءات المتعلقة بالجانب الجنائي من قبل كل سلطات التحقيق وقد اعطى المشرع المواطن الحق في الدفاع عن نفسه من خلال تمكينه من الاجابة على ما وجه اليه من اتهام وكذلك منح الفرصة باستخدام كل الطرق والوسائل المشروعة في تقديم ادلة براءته، ومنها حقه في توكيل محامٍ للدفاع عنه وعندما يتعذر عليه توكيل محام تنتدب له المحكمة محامياً تدفع الدولة اجوره، وهنا يجب على المحامي ان يبذل جهده في الدفاع عن المتهم .

4- حرص مجلس القضاء على حث السادة قضاة التحقيق ونواب الادعاء العام على اجراء زيارات تفتيشية مشتركة لمراكز الشرطة والمواقف واماكن الاحتجاز للاطلاع على ظروف المتهمين الصحية والمعيشية وواقع حالهم في اماكن الاحتجاز وتم تاشير الكثير من السلبيات بخصوص الموضوع على اثرها تم مفاتحة وزارة الداخلية بشانها وفقاً للامكانيات المتاحة اضافة الى قيام الادعاء العام ممثلاً بالمدعي العام او نوابه بالاشراف ومراقبة وتنفيذ الاحكام الجزائية للمحكومين المودعين في المؤسسات الاصلاحية والاطلاع على ظروفهم الصحية والمعيشية واتخاذ الاجراءات القانونية بحق المخالفات التي يتم تسجيلها وبموجب بعضها تم احالة مسؤولين في تلك المؤسسات للمحاكمة .